# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی دووەم ژمارە (40) 15/11/2018 مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە




**بەرزو بەڕێزە یادی خەباتکارانەت**
**یادێک لەساڵیادی ژیاناوایی هاوڕێ گوڵزار حەمەدا.. ل9**

# حکومەت لە کوردستان دیکۆرێکە، بۆ شاردنەوەی دەسەڵاتی تاڵانچی و میلیشیایی بۆرژوازی کورد!

## ناڕەزایەتی کرێکارانی ژینگە پارێز و پاککەرەوە لە تەکیەی کاکەمەندەوە بۆ شکارتەو سەروچاوە...



بەرواری ٥/١١/٢٠١٨ کرێکارانی ژینگە پاریز لە کەمپی تەکیەی کاکەمەند، لە کەمپەکەی خۆیان کۆبونەوەیەکی نارەزایەتیان وەرێخست و دەستیان دایە مانگرت،،، هۆکاری مانگرتن و کۆبونەوە نارەزایەتیەکە بەدژی بریاری خاوەنکارەکانی کۆمپانیاکە بوو کە پییان ڕاگەیاندبوون کە موچەکانیان لە ٣٥٠ هەزارەوە، بۆ کەم دەکرێتەوە بۆ ٣٠٠ هەزار...هاوکات هەفتەیەک دوای ئەو کۆبونەوە نارەزایەتیە بەرواری ١٢/١١/٢٠١٨ کرێکارانی پاککەرەوەی سەر بە کۆمپانیای گارێکس لە ناحیەکانی سەروچاوە و شکارتەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەرین لەبەردەم ناحیەی حاجیاوا کۆبونەوەیەکی نارەزایەتیان وەڕیخست... بۆ لاپەرە ٢

## دیسان مەلاکان و لیژنەی فەتوا، بەرگەی پانێڵێکی فکری ناگرن و هانی توندوتیژی دەدەن! ل2

## دیمانەیەکی کورت لەگەڵ سەوسەن سەلیم

**سەوسەن سەلیم: هۆکاری کوشتنی ژنان لەوڵاتانی ئەوروپا، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی(Cultural (Relativism) کەلەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەورووپاوە پەیڕەوەی لێدەکرێ... ل3**

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* کامیان گرنگترن، کرێکاری ژینگە پارێز یان پەرلەمانتار..........ل4
* بڕیاری نوێی دادگای هەرێم ڕەوایی دان بە کۆیلەیی ژنان ..... ل5
* بۆ دژی سزای ئابوری ئەمریکام بۆسەر ئێران.........................ل5
* بڕیارەکەی دەوڵەتی ئەمریکا، پشتیوانییە لە تیرۆریستان..........ل6
* پەرلەمان شوێنێکە بۆ پڕکردنی گیرفانەکان..........................ل7
* هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان..................ل8
* لەگۆشەیەکی ترەوە.......................................................ل12


**سیستەمی شکست خواردو، پەرلەمانی دز ل4**

**ترەمپیزم خۆی گەیاندە بەرازیل!...ل11**

**گۆشەی دیمانە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستی زیندانی کراو... ل10**

## وتەی ژمارە

دوای خولێکی تری گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان، جموجۆڵ و هەوڵەکان بۆ پیکهێنانی کابینەی نۆهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە. بەجیا لە هەوڵی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، بۆ پیکهێنانی حکومەتی نویَ!، ئەو حزب و لایەنانەش کەهاوارو دادو بێدادیان لەسەر ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن کەشی کۆمەڵگەی ئاخنی بوو، پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ ناکەن و رەتی دەکەنەوە، نەک هەر بێدەنگەیان لە ساختەکارییەکان کردو ئاکامی هەڵبژاردنەکانیان بیَ هیچ رونکردنەوەیەک قبوڵ کردووە، بەڵکە بەنهێنی و ئاشکرا خەریکی کۆبونەوەن لەگەڵ براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان و بە حەماسێکی زۆرەوە ئامادەکاری بۆ بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، دەجەنگن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین و پۆست و بەشی دەسەڵاتداریتی حکومی!!.

لایەنی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنیش کە پارتییە، بە غرورێکی زۆر و بەتامی سەرکەوتنێکی گەورەوە، مەرج دەخاتە بەردەم ئەو حزب و لایەن سیاسیانەی دەیانەویَ بەشداری حکومەتی داهاتووی هەرێم بکەن...

پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت، وەکو دیکۆرێکی حکومڕانی و یاسایی و شەرعی، بۆ شاردنەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی حزبی میلیشیایی، بێمنەتانە لەگۆرەپانەکەدا خەریکی تاودانی ئەسپی خۆیەتی... بەڵام پارتی ئەگەر لەسەر ئاستی حکومی و پۆستەکانی حکومەتدا بتوانێت زۆرترین و گرنگترین پۆستە باڵاکان و بۆخۆی زامن بکات... ئەوە لە دنیای واقعیدا، ناتوانیَ هەلومەرج و قەڵەمرەویی دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی بشارێتەوەو حکومەتێکی سەراسەری بۆ کوردستان بسازێنی کە حزبەکان، بەتایبەتیش یەکێتی نیشتیمانی بخاتە کەناری حوکمرانییەوە. بۆیە بەشداری یەکێتی لەحکومەتدا هەر چەندێک بێت، یان پۆستەکانی لەهەر ئاستێکدا بن، یەکێتی خاوەنی دەسەڵاتی زۆنی سەوزەو تەنانەت ئەگەر یەک کورسیشی لەهەڵبژاردندا نەهێناباو هیچ پۆستێکی حکومیشی نەبێت، کەس ناتوانێت دەسەڵاتی لەزۆنی سەوزدا لەرێگای حکومەت یان هەڵبژاردنەوە لیَ بسەنێت... هەر ئەو راستیەشە وای کردووە کە پارتی ناچار بێت و دان بنێت بەوەدا، کە حکومەت بەبیَ یەکیتی نیشتیمانی کوردستان پێک ناهێنێت و یەکێتی دۆست و هاوبەشی میژوویەتی!!... هەر ئەو واقعیەتەشە کە تارادەیەکی زۆر وای لەیەکێتی کردووە، کە یەکێتی لە جیاتی ئەوەی داوای بەشی خۆی لەحکومەت بەپیّی کورسی و ئیستحقاقی هەڵبژاردن بکات، داوای بەشی خۆی بەپێی پێگەی دەسەڵاتداریتی زونێک لە حکومەت بکات... پارتی باش دەزانێت دەسەڵاتی زۆنی سەوز خاوەنەکەی یەکێتییە و ئەگەر یەکێتی هیچ پۆست و بەرپرسیاریەکی حکومیشی نەبێت، دەسەڵات و داهاتی ئەو زونە پاوانی خۆیەتی و وەکو دەڵێن بەرهەمی سەردەمی شەرعیەتی خەباتی شاخ و شۆرشگێریەتی!!...

ئەوەی جێگای داوە بە ململانێی بنەرەتی حزبەکان بۆ بەشداری لە حکومەت و بەش لە حکومەتدا، بەتایبەتیش لە نیوان پارتی و یەکێتیدا، لەلایەکەوە پەیوەندی بە بەغداو لەلایەکی تریشەوە وابەستەیە بە رای فەرمی و دنیای دەرەوە و نیگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە. خودی حکومەتیش هەر ئەو مەهامەی هەیە بۆ پارتی و یەکێتی. بۆیە هەریەک لە پارتی و یەکیتی دەیانەوێت پشتیوانی و پەیوەندی خۆیان لەرێگای پێگەیان لەحکومەتدا

بۆ لاپەرە ٢

## درێژەی...نارەزایەتی کرێکارانی ژینگە پارێز و پاککەرەوە لە تەکیەی کاکەمەندەوە بۆ شکارتەو سەروچاوە...

هۆکاری ئەم کۆبونەوە نارەزایەتیانەش، لەدژی بڕیاری کۆمپانیاکە بوو کە دەیانەوێت موچەی کرێکارەکان لە ٤٠٠ هەزارەوە کەم بکاتەوە بۆ ٢٥٠ هەزار... جیگای باسە حکومەت و دەسەڵاتی ئەمنی کە حکومەت و دەسەڵاتی سەرمایەداران و کۆمپیاکانە، لە تەکیەی کاکەمەند هەوڵ دەدەن کۆبونەوەی کریکاران بڵاوە پیبکەن و ناچار بە رازی بوون بە کەم کردنەوەی موچەکانیان بدەن...

لەکاتێکدا کریکارانی ژینگە پاریزو پاککەرەوە، بەشێک لە چینی کرێکاری و کوردستانن و روبەرووی کاری سەخت و تاقەتپروکێنن و ئەرکی پاراستنی ژینگەو پاک و خاوێنیان لەسەر شانە و بەشێکی سەرەکی سیمای شاری و راگرتنی پاک و خاوێنی و دوور راگرتنی لە بۆگەناو کۆبونەوەی پیسی و خاشاکیان، لە ئەستۆ ئەوانە. لە جێگای ئەوەی پێ بەپێی گرانی بازار و پێداویستیە ژیارییەکان موچەو ئیمتیازاتیان بۆ زیاد بکرێت، کەچی خاوەنی کۆمپانیاکان، لەو موچە زۆر کەمەی کەبەشی دابینکردنی ژیانی مانگانەی هیچ کەسێک ناکات، دەیانەوێت کەم بکەنەوە، دەسەڵات و دەزگای ئەمنیش کە بەربەرچاویانەوە کۆمپانیاکان، دەزگا ناچیزەکانی وەکو پەرلەمان و ئەندامەکانی، موچەی ٨ ملیۆنی وەردەگرن و بە مووچەی ٦ ملیۆنی خانەنشین دەکرێن و سەیارەو خانوو پاسەوان و ... ئیمتیازیانە، پشتیوانی لە خاوەن کۆمپانیاکان دەکەن و لە بەرامبەر بە ویستی کریکاران دەوەستنەوە کە نایانەوێت کرێکانیان کەم بکرێتەوە... ئەو برە موچە کەمەی کەهەرگیز بەشی دەسترەنجی ماندوبوون و کارکردنی، کرێکارەکان نییە ناحەقیەکی گەورەیە بەرامبەر بە کرێکاران... کرێکارانی ژینگە پارێز و پاککەرەوە پێویستە بە ریزی رێکخراوی خۆیان، پەرە بەخەباتیان بدەن و رێگەنەدەن موچەکانیان کەم بکرێتەوە، هەروەها ئەرکی بەشەکانی تری کرێکارانە کە پشتیوانی لە خواستی رەوای ئەو کرێکارانە بکەن و رێگەبگرن لەوەی موچەکانیان کەم بکرێتەوە... لەو نێوەدا ڕێکخراوبوون دەست لەناو دەستی یەک بوون بۆ بەرگرتن بە هەڕەشە و هێرشی کۆمپانیاکان، کارێکە زامنی پاشەکشەی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتی پشتی ئەو سەرمایەدارو کۆمپانیایانەیە...

## دیسان مەلاکان و لیژنەی فەتوا، بەرگەی پانێڵێکی فکری ناگرن و هانی توندوتیژی دەدەن!

کۆتایی مانگی رابردوو بەدیاریکراوی ٣٠ ئۆکتۆبەر، لە زانکۆی ڕاپەڕین پانێڵێکی فکری لەژێر ناوی" ئیسلام و سکۆلاریزم، ڕەنگدانەوەیان لەکایەکانی هونەر و سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردییدا" بەڕێوەچوو... دوو رۆژ داوی ئەوەو لە بەرواری ٢ نۆڤەمبەردا لیژنەی فتوای شەرعی!! رانیەو قەڵادزێ راگەیاندنێکیان بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی رەخنە یان دژی ئیسلام قسەیان کردووە، و لەوەش زیاتر بەڕۆشنی هانی وتار بێژانی مزگەوت دەدات کەدژی ئەو کۆڕ و پانێڵانە و رەخنەگرانی ئیسلام و بوەستنەوە...

لیژنەی فتوا، و ریزی مەلای بەلاشخۆرو کۆنەپەرست کە لەدامێنی دەسەڵاتی سەرچاوەگرتووی بزوتنەوەی کوردایەتی لەشەرع هاتۆتە دەر، بەرگەی هیچ رەخنەو توێژینەوەیەکی زانستی ناگرێت و گڕ و فتوا لەبەرامبەر رەخنەگرانی ئیسلامدا دەبەخشنەوە... لەکاتێکدا خودی ئیسلام نەک خاڵی نییە لە رەخنە، بەڵکو دین و مەزهەبەکان بوونەتە گەورەترین موسیبەت و سەرچاوەی تیرۆر و بێمافی ئینسان بە درێژایی مێژووی بوونیان، بۆیە نەک رەخنەگرتن و پەرەهەڵماڵین لەسەر ناوەرۆکی ئیسلام و قورعان و کاروکردەوەکانی پەیرەوانی ئیسلام، کارێکی پیویستە، بەڵکو هەوڵدان بۆ دەستکۆتاکردنی لەسەر کۆمەڵگە بۆتە کارێکی پێویستی لەدواخستن نەهاتووی بەرەی ئازادیخوازو شارستانی...

ئەرکی خوێندکارانی ئازادیخوازی زانکۆی راپەرین و تەواوی بەرەی پێشکەوتخوازی کۆمەڵگەیە، کە لەبەرامبەر بە فتواو هاندانی توندوتیژی لەلایەن مەلایانی بەلاشخۆر و لیژنەی فتواوە، بوەستنەوەو رێگەنەدەن ئەو دەنگانە کۆمەڵگە لیخنی بۆچوونە ماوەبەسەرچوەکانیان بکەن و ترس و تۆقاندن بڵاوبکەنەوە... ئازادی دینداری و بێ دینی دەبێ بەفەرمی بناسرێت و ئاین بەتەواوەتی بکرێتە کارێکی تایبەتی ئینسانەکان و سایەی لەسەر کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە، وەلابنرێت... ئەمەی خوارەوە دەقی راگەیاندنی لیژنەی فتواکەیە...



بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لقی رانیە-لیژنەی فەتوا

ژمارە / ١٨٩
بە رواو/ ٧/ ١١ / ٢٠١٨

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

بۆ / سەرۆکایەتی زانکۆی راپەرین /بەرێز

بابەت / نیگەرانی

زانکۆی راپەرین جێ ی شانازی و هیوای ئیمەو هەموو خەلکی دەڤەرەکەیە بۆیە پشتیوانی کردن و سەرخستنی ئەرکی ئینی ونیشتیمانی هەموو لایەکمانە ، بەڵام ماوەیەکە لە سەکۆی زانکۆی قەلای زانست و مەعریفەوە لە لایەن هەندێك کەس بەناوی بیروڕای ئازاد بەدەر لە یاساو دوور لە زانست وپیچەوانەی عورف و ئادابی گشتی هێرشی ناڕەوا دەکرێتە سەر ئاینینی پیرۆزی ئیسلام ، ئائەو ئاستەی کە ووتویانە ئیسلام ئەخلاقی تیدا نیە لەگەل ئەوەشدا کە ئیسلا م ئاینینی ئەخلاق ورەوشتی بەرزە بەمەش هەستی بەشی هەرە زۆری خویندکارو مامۆستاو خەلکی ناوچەکە بریندار دەکرێت .

بۆیە ئیمە وەك لیژنە ی فەتوای رانیەو قەلادزێ لەسۆنگەی دلسۆزی وخەمخۆریمان بۆ تەبایی کۆمەلایەتی ناوچەکە داوا دەکەین رێگە نەدرێت خەلکانیك بۆ مەبەست و مەرامی خۆی ، سومعەی زانکۆو ناوچەکە بەگشتی لەکە دار بکات ،کاریك بکات پێچەوانەی شەرع ویاساو زانست و پەیامی زانکۆ بێت ، وە لە ئەگەری دووبارە بوونەوە ی ئەو جۆرە کارانە لەلایەك رێگەی یاسایی بەرانبەر ئەو کەسانە دەگرینە بەرو لەلا یەکی تریش پێتان رادە گەیەنین ناتو نین چیتر ووتاربیژان و خەلکی ناوچەکە بوەستینین ، لەوەلام دلئەوەو گلەیی کردن لەزانکۆی راپەرین، جەماوەری دەڤەرەکەمان چاوە ڕێ یە لە زانکۆکەیان لەرێگەی توێژینەوەی زانستی و مێژوویی و کشتوکال وگە شەپیدانی سەرمایەی مرۆیی ناوچەکە رۆلی خۆی بگیرێ وبە پیشبرکێ ی بوون بەیەکەم زانکۆی هەریم ناوی پیرۆزی راپەرین بەرز بهیلیتەوەو گیانی پاکی شەهیدانی راپەرین ئاسودە بکات نەك ببێتە سەکۆیەك بۆبریندارکردنی هەستی زیندوەکان وئازاردانی رووحی شەهیدە سەربەرزەکانمان .

لەگەل ریزماندا.....

لیژنەی فەتوای شەرعی رانیەو قەلادزێ

وینەیەك بۆ
- مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی زانایان /بەرێز + لقی رانیەی یەکیتی زانایان/بەرێز
- ئیدارەی راپەرین /بەریز
- بەریوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی راپەرین /بەرێز
- ڕاگەیاندنەکان

## درێژەی وتەی ژمارە...

بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوەندە فەرمیەکانی دنیا، نیشان بدەن...

پارتی و یەکێتی دەیانەوێت شەرعیەتی یاسایی و دەستوری بە دەسەڵاتی حزبی و میلیشیاییان، لەرێگای حکومەتێکەوە درێژە پێبدەن و لەچاوی رای گشتی ناوخۆ و دنیاشدا فەزل فرۆشی بەحکومەتداری و سەروەری یاسا و پابەند بوونی دەستوری و پەیوەندی فیدرالیان بە ناوەندەوە بکەن.

حزبەکانی تری دەرەوەی دەسەڵاتیش، بەهەمان لۆژیکی پارتی و یەکێتی دەیانەوێ بەبەشداریان لە حکومەتدا لەلایەکەوە جێگەو رێگەی فەرمی و یاسایی خۆیان، نیشانی ناوخۆ و دنیای دەرەوە بدەن و لە خێرو بەرەکەتی زۆر و زەوەندی داهاتیش لە رێگای وەرگرتنی پۆستەکانیانەوە، بەهرەمەند بن.

دیارە بەشداری ئەو حزبانە لە حکومەتدا و وەرگرتنی پۆستیش بەمانای وەرگرتنی دەسەڵات نییەو پارتی و یەکێتی ئەگەر پۆستیش ببەخشن بە حزبەکانی دەرەوەی خۆیان، بەڵام دەسەڵات نابەخشن و لەسەروی بەرزترین پۆستیشەوە دەسەڵاتی باڵاتری حزب و بریاری بنەماڵەی دەستڕۆشتوو ئامادەیی هەیە.

هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت و کابینەی نۆهەم، بەهەر شێوەیەک بچێتە پێشەوەو حکومەت بنکەفراون یان نیمچە فراوان و سنوردار و تەسک بێت یان حکومەتی زوربە، هیچ لەو راستیە ناگۆڕیت کە لە دنیای واقعیدا پارتی و یەکێتی دەسەڵاتی هەردوو زۆنەکەی هەرێمیان لە ریگای هێزی چەکدار و قۆرغکردنی داهاتی زۆنی خۆیان و خۆبەستنەوەیان بە وڵاتانی ناوچەکەوە مسۆگەر کردووە. دەسەڵاتی حکومی و یاسایی و دابەشکاری پۆست ناتوانێت، هەژمونی دەسەڵاتی حزبیان، بسڕیتەوە یان کەم رەنگی بکاتەوە. هەر ئەو واقعیەتەشە ٢٧ ساڵە ئەو دووحزبەی لەدەسەڵاتدا هێشتۆتەوە. بەم شێوەیە هەوڵ دەدەن دەیان ساڵی تریش دەسەڵات هەر لەدەستی خۆیاندا بهێڵنەوە، ئەوە بووە بە راستیەکی تاڵ و ئەزموونکراو کە لەرێگای هەڵبژاردنەکانەوە ناکرێت چاوەروانی ئاڵوگۆری سەرەکی لە پێگەی حزبەکانی دەسەڵاتدا رووبدات.

ئاڵوگۆڕ لەدۆخی سیاسی کوردستاندا، وە لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا، لەڕیگای هەڵبژاردنەکان و کابینە جۆراو جۆرە حکومیەکاندا، مەیسەرنابێت. لە ٢٧ ساڵی رابردوودا ئەوەی دەسەڵاتی تەکاندا بێت، خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری و بە دیاریکراویش خرۆشانی ١٧ شوباتی ٢٠١١ بووە. بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و کەنار خستنی دەسەڵاتی میلیشیایی راسان و خرۆشانی لەخوارەوەی جەماوەری ڕیکخراو و ئامادەی پێویستە... ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی دەرەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵات، کە پاساوی بەشداری لە حکومەت و پەرلەماندا بەوە دەدەن کە دەیانەوێ کاریگەری لە دەسەڵات بکەن و ئاڵوگۆر بەسەر حکومەت و دەسەڵاتی حکومەتدا بهێنن، جگە وێڵ بوون بەدوای پۆست و خێری بەشداری ئەو پۆستانە، و دورخستنەوەی نارەزایەتی شەقام و خۆشخەیاڵ کردنی خەڵکی کوردستان بە حکومەت و پەرلەمان زیاتر شتێکی تر نییە...

خەڵکی کوردستان، نابێ هیچ جۆرە خۆشباوەرییەکیان بە کابینەو حکومەتی نوێ هەبێت. هەموو جۆرەکانی حکومەت لە کوردستان ئەزموون کراون. لەحکومەتی هاوبەشەوە، بۆ حکومەتی فیفتی فیفتی، بنکە فراوان و تەسک و حکومەتی جیاجیای زۆنی... هەموو ئەو حکومەتانە جگە لە موچەخۆری حزبی دەسەڵات و دیکۆرێک بۆ شاردنەوەی دەسەڵاتی تالانچی و میلیشیایی بۆرژوازی کورد، هیچی تر نەبوون و لە ئێستاشدا بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرە هەردوو حزبی دەسەڵات، بەجیا لەوەی داخوازییەکی سیاسی بناغەیی و ئەجندایەکی رۆشنی سیاسیان بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان و چارەسەری پرسی کورد نەماوەو دەسەڵاتیان تا رادەیەکی زۆر سنوردار کراوە. ئەوەش بەڕۆشنی دیارە کە بزوتنەوەی باڵادەستی سیاسی بۆرژوازی عەرەب لە عێراقدا، نەخشەو هەوڵەکانی بەو ئاقارەدا دەباتە پێشەوە... کەدەیەوێت ئەو دووحزبە پارتی و یەکێتی وەکو دوو دەسەڵاتی بەکرێگیراو بۆ ئیدارەدانی کوردستان تەماشا بکات و تەواوی دەسەڵاتەکانی تریان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی ناوەندەوە... دیارە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیش هێندەی بۆیان بکرێت، بەجیا لەبەرگری، لەتاڵانی و دزی و قۆرغکردنی بازار و بازرگانی و دزینی بەشە بوودجەی کوردستان، دریغی ناکەن و هەوڵ دەدەن حزبەکانی دەرەوەی خۆشیان بە پیدانی هەندێک پۆستی ژێر دەسەڵاتی باڵاتر و بەش لە داهاتی دزی و تاڵانی، رازی بکەنە تا لەکابینەی نوێدا، بەشداریان پێ

# دیمانە لەگەڵ سەوسەن سەلیم، بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەڵات لە بەریتانیا سەبارەت بە هۆکاری کوشتنی ژنانی کورد لە ئەوروپا

**بۆپێشەوە: لەو ماوانەی دوایدا چەندین ژنی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا لەلایەن هاوڕێ یان هاوسەر و کەس وکاریانەوە کوژران، هۆکاری کوشتنی ژنان ئەگەر لە کوردستان فاکتەری ئابوری، دەستێوەردانی خێزان، سیستەمی سیاسی تێکەڵ بە شەریعەت، نەبوونی لێپرسینەوەی یاسایی.... هۆکاری کوشتنی ژنان بن، هۆکاری کوشتنی ژنان لە ئەوروپا چییە؟**

**سەوسەن سەلیم:** بەرای من هۆکاری کوشتنی ژنان لەوڵاتانی ئەوروپا، بەپلەی یەکەم دەگەڕیتەوە بۆ سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی ( (Cultural Relativismکەلەلایەن دەسەلاتدارانی ئەوروپاوە پەیرەوەی لێدەکرێ. بەپێی ئەم سیاسەتە هەموو ئەو پەنابەرانەی کەلەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، لەچوارچێوەی هەمان ئەو گروپ و پێکهاتە ئیتنیک و ئاینی وقەومیانەدا دەمێنیتەوە کەلێوەی هاتوون، بەم جۆرەش ئەنتیگراسیۆنێکی واقعی کەبنەمای هاوڵاتی بوونی یەکسان بەکردەوە زامن وجێگیربکات، بەدی نایەت. لە حالەتێکی ئاواشدا ئەوانەی کەهاتوون بەهەمان خەسڵەتی کەلتوری و باوەرێ ئاینی وقەومیەوە لەشوینی خۆیاندا دەمێننەوەو بگرە هەڵگری هەمان ئەو ئایدێتینتیەی دەبن کە لەوڵاتی خۆیان هەڵگری بوون، واتە کورد وەک کورد لەئەوروپا دەژی نەک وەک هاوڵاتی ئەوروپایی، بۆ خەڵکی عەرەب وموسوڵمان ویەزیدی و.. هەروایە. لەسەر ئەم زەمینەیە دەوڵەت هەڵدەستێ بە پەیرەوکردن دابەشکاریەکی گروپی و بۆهەر گروپەش لیدەری تایبەت بەو گروپ و پێکهاتەیە دیاری دەکاو ئەوخەڵکە لەلایەن پیاوانی ئاینی ومەلا وقەشەو کەسایەتی قەومی وئیتنیکی تایبەت بەخۆیانەوە بەناوی "کۆمینیتی گروپەکانەوە- بۆنمونە کۆمینیتی کوردی، عەرەبی وئەفغانی، کۆمینیتی موسڵمان و یەزیدی و عەلەوی" ەوە نوینەرایەتی دەکرێن و لەهەمان کەلتورو باوەرێکی باوەوە کەلیوەی هاتوون قەتیس دەکرێن و ئەمەش وادەکات کەتێکەڵ بەفەرهەنگی مۆدیرنی ئەوروپایی نەبن و بگرە خۆشیان بەبەشیک لەکۆمەلگەی ئەوروپایی نەزانن وگەلێک جاریش بەناوی کافر و بەرەڵاوە بکەونە دژایەتیکردنی کۆمەلگەی ئەورپایی و دانیشتوانەکەیەوە.

بێگومان ئینسان گەلێک کەبەم جۆرە دابەش بکرێن و هەویەتی یەکسانی هاوڵاتی بوونیان تێدا بەرجەستە نەبێ، بەپیویست تەریک دەکەونەوەو سەر لەنێو باگراوندی پێشووی خۆیان و ئەو گروپە دادەنێن کەلێوەی هاتون. دیارە لەم حالەتەشدا ئەم ئینسانانە کە لە کۆمەڵگەیەکەوە هاتوون باوەڕو بۆچوونی پیاوسالاری و شەرەفپەرستی تیا زاڵە وشەریعەتی ئیسلامی و داب ونەرێتی دژە ژن چ لەیاساکان وچ لە فەرهەنگی باودا بەڕێوەدەچێت، بەپێویست لەئەوروپاش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژیانی تاک وخێزانە هاتوەکان وئەوانیش پەیرەوەی لەهەمان ئەقلیەتی پیاوسالاری و شەرفپەرستی و ئاینی و خێڵەکی دەکەن و هەر بەم پیوانانەش مامەڵە لەگەڵ ژنان و کچان و منالانی خۆیاندا دەکەن و دەوڵەتیش لەژێر ناوی نسبیەتی فەرهەنگی وفەرهەنگی گروپی و تایبەت بەم پێکهاتوانە ئەم واقعیەتەی ڕاگرتووەو بگرە بەمافیکی تایبەت بەم گروپانە دەیناسیێنێت.. دیارە لە دۆخیکی ئاواشدا ئەو کێشانەی کە یەخەی بەژنان گرتووە لە وڵاتانی ڕۆژهەلات، بەنمونە کوردستان، لێرەش دوبارە دەبیتەوە و لەگەڵ هەرکێشەیەکی خێزانیدا، توندوتیژییە خیزانییەکان بۆ سەر ئاستی کوشتن و زیندانیکردن و لەتوپەتکردنی جەستەی ژنان لەژێر ناوی شەرەفدا هەڵکشی و تراژیدا بخولقێنێ.

بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کاتێک دەڵێم ئەم جۆرە دابەشکردنە گروپیە وئەم پێکهاتە کۆمینیتیانە بەسەر ئینسانی پەنابەرداو ئەم تەریک کردنەوەیە کە لە سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی ومامەڵەی دەوڵەتەوە پەیدادەبێ، هاوکات خێزانە پەنابەریەکان بەدرێژایی مانەوەیان لەئەورپا دەکاتە کانونێک بۆ پەیرەویکردنی بەردەوام لە ژن ئازاری و مامەڵەی ژێردەستەیی بەژنانەوە، سیسکسیزم، توندوتیژی، کۆنترۆڵکردن وبەکەمگرتن وسوکایەتی پێکردن بەرامبەر بەژنان و کچان و منالان.. لەدۆخێکی ئاواشدا نەک هەرجۆرەکانی توندوتیژی ولەنێویاندا کوشتنی ژنان، بگرە دیاردەی فرەژنی، بەزۆر بەشودان، گێرانەوەی کچان بۆ ولاتی خۆیان، خەتەنەکردن.. هەموو ئەمانەش خۆیان بەرهەم دیننەوە، ئەمە لەکاتیکدایە کە بەر لەهەرشتێک هەڵوەشانەوەی ئەم دۆخەیە کەژیانی خێزانە پەنابەریەکانی خستۆتە نیو کەمپ وتەریک کەوتنەوەو دابەشکاری گروپی ئەتنیکی و دینی و قەومیەوە، دەبی ئەم سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگیە هەڵوەشێتەوەو یەک کۆمەڵگەو یەک یاسا ویەک فەرهەنگی مۆدیرنی ئینسانی، لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی و ناسنامەی ئینسانی جیهانی بەرێوەببرێت،

> **کورد وەک کورد لەئەوروپا دەژی نەک وەک هاوڵاتی ئەوروپایی، بۆ خەڵکی عەرەب وموسوڵمان ویەزیدی و...تاد، هەروایە.**

یاسای وڵاتانی ئەورپی وفەرهەنگی زاڵ لەمێژە ئەم دیاردانەی رەتکردۆتەوە وسزای توندی لەبەرامبەردا داناون..

ئاشکرایە لەفەزایەکی ئاوادا کاتێک ژنان لەدۆخی کراوەی کۆمەلگەی ئەورپادا لانی کەم ئاشنادەبن بەماف و ئازادییەکانی خۆیان کە لەولاتانی ئەوروپادا بەرەسمی ناسراوە و ئیتر درک بەوەدەکەن کەناتوانن ژیانی ژێردەستەیی و ئازاردان و سەرکوت و بێمافی وتەحقیرێک کەلەلایەن کەسوکارو هاوسەریان لەخیزاندا بەرامبەریان دەکرێ، تەحەمول بکەن، بە پێویست دەکەونە کێشەوە وئیتر ناتوانن مل بەو چوارچێوەیە بدەن کەتییدا دەژین، هەرئەمەش دەبێتە مایەی بەریەکەوتنی ئەم ژنانە لەگەڵ دەسەڵاتی داسەپاوی ناوخیزان، کەلەبنەڕەتەوە دەسەڵاتێکی پیاوسالارو دژی ژنە، لەم بەریەککەوتنەشدا ئەوە هاوسەر وباوک و براو کەسوکارە کەبەپێی فەرهەنگ و باوەری دینی و قەومیان ناتوانن تەحەمولی ژن و کچەکانیان بکەن وبۆ ڕێگەگرتن لێیان توندوتیژییە خیزانیەکان توندتردەکەنەوە، تا لەئاکامدا لەژێر ناوی شەرەفدا پەنا بۆ کوشتنی ژن وکچەکانیان دەبەن..

**بۆپێشەوە: دەبێ چ بکرێت بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژنان لە ئەوروپا، وە رۆڵی ئێوە بۆ بەرگرتن بەو کارەساتە چییە؟**

**سەوسەن سەلیم:** بۆ ڕێگەگرتن لەکارەساتی کوشتنی ژنان لەئەوروپا (هەروەک پرسیارەکەتان زیاتر ئەم لایەنەی گرتووە) هەروەها دەبێ دەوڵەتانی ئەورپا لەبەرنامە وسیاسەتی خۆیاندا دایبنێن کەئەوە ئەرکیانە کونی ئەم رەشەبایە بگرن کە کوشتنی ژنانی لێوەدێت، دەبی داکۆکیکەری جێگیربوونی سکولاریزم و جیاکردنەوەی دین و قەومیەت بن لەیاساکان و دەستوری وڵاتانی رۆژهەلاتداو لایەنگری توندی هاتنە سەرکاری حوکمەت و سیستەمی سکولار وپەیرەوی کەری یاسای یەکسانی ژن وپیاوبن.. تاکاتیکیش کەهیشتا ئەم هەنگاوانە نەنراون دەبێ دەوڵەتانی ئەوروپا بەدیاریکراوی خۆیان لەئەمنیەتی ئینسانەکان بەرپرسیار بزانن و بۆئەمەش بەرنامەی تایبەتیان هەبێ ولەڕێگای دەزگا ئەمنیەکانەوە پەیرەوی لیبکرێ، وەک پۆلیس و سوشیال سێرڤس و هەموو ئەو یونیتانەی کە بۆ پاراستنی ژنان و خێزان ومناڵ دانراون. هاوکات دەبێ ئەم دەزگایانە هوشیار بکرینەوە بە واقعیەتی فەرهەنگی و ئەقلی و شێوەی ژیانی خێزانە پەنابەریەکان و پێکهاتەکانیان و پاساو بۆ هیچ جۆرە کەلتوریکی دژە ژنی و مامەڵەیەکی ستەمکارانە نەهێنەوەو یاسای توند لەبەرامبەر پەیرەوکەرانی ئەم جۆرە کەلتورو مامەڵانەدا بگرنەبەر.. لەلایەکی ترەوە دەبێ دەوڵەت هاوکاری پێویستی ئەورێکخراوانە بکات کەلە ناوەندی ئەو گروپانەدا کاردەکەن کەفەرهەنگی دواکەوتوانە بەسەریانەوەیە و بەهەردولا و بەکاری هاوبەشیان بەرنامەی چۆنیەتی پوچەڵکردنەوەی ئەو حالەتانە دابرێژن کەئەگەری ڕوداوی کوشتنی ژنانی تیا ڕەچاودەکرێ و بوار بۆ هیچ فرسەتێک نەهێڵنەوە کە کارەساتی بەدواوەبێت .. لەکۆتاییدا دەبێ دەوڵەت جگە لەکاری هوشیارکردنەوە، هاوکات دەبێ بەکردەوە هەر خێزان و تاکێکی پەنابەر کە دێتە ئەوروپا بەڵیننامەی پەیوەستبوونیان بەیاساو بنەماکانی ئازادی و حورمەت گرتن لەژنیان پێ پڕبکەنەوەو وەک مەرجێک بۆمانەوەیان لەسەریان حساب بکر ێ...

> **دەبێ دەوڵەتانی ئەورپا لەبەرنامە وسیاسەتی خۆیاندا دایبنێن کەئەوە ئەرکیانە کونی ئەم رەشەبایە بگرن کە کوشتنی ژنانی لێوەدێت**



**باڵکێشانی یەکسانی یاساکان، بەسەر هەمووواندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی، جنس، میللەت، دین و نەژاد، بیروباوەڕ و مەرام، کارو پیشە، پلەو پایەو ڕەگەزنامە...تاد، دەبێ بە فەرمی بناسرێت!**

# سیستەمی شکست خواردو، پەرلەمانی دز

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بەدوور دەزانرێت، کەسێکی هوشیار و سەربەخۆ و ئازادیخواز هەبێت، گومانی هەبێت لەوەی کە سیستەمی سیاسی کوردستان، چ وەکو ئەزموونێکی گشتی و چ وەکو حکومەت و دەسەڵات، شکستی خواردووە..

دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی میلیشیایی حزبی و بنەماڵەییە، هەموو جومگە گرنگ و هەستیارەکانی دەسەڵاتدارێتی و ئەمنی و داهات و سامانی وڵاتیان لەدەستی خۆیان قۆرغ کردووەو بەچەندها شیوەش پارێزبەندی ئەو دەسەڵاتەیان، لەڕێگای هیزی چەکدار و سەرکوت و پاوانکردنی داهات و هاوکات لە رێگای حکومەت و پەرلەمانێکی دیکۆر ئاسای بێ ناوەڕۆک و فریودەرانەوە، پاراستووە.

دزی و تاڵانی و دەست نانە گەروی زوربەی زۆری کۆمەڵگە، و دزینی قوتی هاوڵاتیان بۆتە تایبەتمەندیەکی دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا. لەو چوارچێوەیەشدا دزین و لوشدانی بەشیکی زۆری داهاتی کوردستان بۆ پۆستە سیادییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت و بەڕێوەبەرە گشتیەکان، تا دەگات پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان، پیویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە...

دوای تەواوبوونی هەر خولێکی پەرلەمان، هەر ئەندام پەرلەمانیک وەکو خەڵات بۆ ئەو خولە ٤٩ ملیۆن دیناری پیدەدرێت و هاوکات بە موچەی ٦ ملیۆنیش خانەنشین دەکرێن. بەجیا لەوەش سەیارەی مۆدێل بەرزی گران بەها، موچە بۆ پاسەوان، خانوو شوققە... سەرفی پارە بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات... لەو ئیمتیازانەن کە هەر ئەندام پەرلەمانێک لێی بەهرەمەند دەکرێت... هەموو ئەمانە لە موچەی مانگانەوە کە نزیکەی ٨ ملیۆن دینارە، تا دەگاتە خەڵاتی ٤٩ ملیۆنی و خانەنشین بوونیش بە ٦ ملیۆنی، لەگەڵ ئیمتیازەکانی کە هەریەکەیان خۆی سەرچاوەیەکی تری کەڵکەی سەرمایەی مفتە، پەرلەمانی کردۆتە کونە پارە و سەرچاوەی بە ملیۆنێر بوون.

ئەو پارە خەیاڵی و ئەو جیاوازییە زەبەلاحە لەموچە بۆ وەزیر وئەندام پەرلەمان لەگەڵ موچەی کرێکاران و کارمەندان، هیچ ناوێکی لێنانرێت، جگە لەدزیەکی ئاشکرا کە پەرلەمان وەکو دەزگایەک و ئەندام پەرلەمانەکانی وەکو پارچەی دزی یاسایی ئەو دەزگایە ئەنجامی دەدەن.

دزینی ئەو داهاتە فراوانە بۆهەر خولێکی پەرلەمان و و بەرگی یاسایی بەبەرداکردنی، دزییەکی ئاشکرای دەزگایەکە کە بریارە رۆڵی یاسادانان، چاودێری و لێپرسینەوە بگێرێت. ئەم دزیی و تاڵانییە ئاشکرا کەم وێنەیە، رووی هەموو دەسەڵاتە مافیایی و دیکتاتۆرییەکانی دنیای سپی کردۆتەوە!!

پەرلەمانی کوردستان، کە بێ بەهاترین و پوچترین دەزگایی بەناو یاساییە، لەهیچ کات و سەردەمێکدا، نەیتوانییوەو ناتوانێت رۆڵێک بگێرێت لەدەرەوەی ئیرادەی حزب و بریاری بنەماڵەی دەستڕۆشتوی هەرێمدا... و هەموو ئەندامەکانشی جگە لە کادری قورمیشکراوی حزبی و چاو لە پارەو ئیمتیازی پەرلەمان، عەقڵ و هزی دانان و هێنانی هیچ یاسایەکی شارستانی و ئینسانیان پێ نییە، چاوی بینینی و چاودێری هیچ کردەیەکی لیوان رێژ لە سەرکوت و بێمافی و بێکاری و نەداری و، حزبۆکراتی دەسەڵاتیان نییە، هیچ کاتێک نەتوانا و نە رۆڵی لێپرسینەوەیان لەهیچ بەناو وەزیر و کارێکی بەناو حکومەت

نەبووەو نییە... لەو جێگایەش ئەگەر پەرلەمان بیەوێت شکۆی سەرۆک و حزبی دەسەڵات ببەزێنی، دادەخرێت و پەرلەمان خانەنشێن دەکرێت، بەڵام موچەو ئیمتیازاتی ئەندامەکانی بەردەوام دەبێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە نەبوونی پەرلەمان هیچ کێشەیەک دروست ناکات و بوونیشی بۆتە دەردێکی ترو گرفتێک بۆ خەڵکی کوردستان.

پەرلەمان ئەوەندە بێ بەهایە، بۆ ماوەی دووسال لەلایەن پارتیەوە داخراو سەرۆکەکەشی رێگای چوونە هەولێری لێ یاساغ کرا، بێئەوەی داخران و راگرتنی پەرلەمان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی هەرێم و هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان هەبێت. پەرلەمان و یاساکانی لەهەر زۆنێکدا، مل کەچی حزبەو هیچ یاسایەک ناتوانێت بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەگەر حزبی ئەو زۆنە نەیەوێت. وەدەیان یاساش بێ ئەوەی جوڵەیان کردبێت لە سەر رەفەی پەرلەمان ماونەتەوە، هیشتا تۆمەتبارێکی زلی تاڵانچی و تیوەگلاو یان گەندەڵ سفەت و گەندەڵ پیشە، نەتوانراوە بدرێتە دادگاو لێپێچینەوەی لێ بکرێت... هیشتا بازرگانانی سیاسی و نەوت فرۆشی بەداعش دەستی دادگای پێ نەگەیشتووە، بکوژی رۆژنامە نووسان ئازادن، قەسابی رۆژانەی ژنان توشی لێپیچینەوە نەبوون و نابن و ئەگەر دەستبەسەریش بکرێن و بەزووی ئازاد دەکرێن، تا ئیستا بکوژی خۆپیشاندانەکانی کوردستان لەوانەش هی ١٧ شوبات و دواتر... دەستگیر نەکراون. هیچ یاسایەک بەدژی دەسەڵاتی و حزب و بازرگانانی سیاسی و ئابوری و تیرۆری ئابوری کۆمەڵگە، دەرنەچووە و دەرناچیت. پەرلەمان تەنها سیمایەکە بۆ رتوشکردن و شاردنەوەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیایی لە کوردستاندا. هەموو ئەندام پەرلەمانەکانی ئەگەر ویژدانیان نەفرۆشتبێت، پارەو ئیمتیازات کوێری نەکردبن، دەزانن پەرلەمان هیچ کارەیە، کەچی بێشەرمانە باسی پیگەی یاسایی و سیاسی و مەعنەوی و پەلەمان دەکەن...

لەبەرامبەر بەدەنگی نارەزایەتی لەبەرامبەر بە وەرگرتنی ٤٩ ملیۆنی خەڵات و موچە بەرزو خانەنشینیدا، درۆی ماندووبوون و شەونخونی دەبەخشنەوە، دەڵین مافی خۆمانە... کەزۆریان بۆ دێت دەڵێن خەتای ئێمە نییە بریاری پەرلەمانە، دەڵێن پێویستمان پێیەتی....تاد. ئەم پاساوانە لەلایەن هەموو لیستەکانەوە دەهێنرێتەوە... ئەوە لە کاتیکدایە کە موچەی زوربەی هەرە زۆری کرێکاران و فەرمانبەران، لە ٥٠٠ هەزار تێناپەرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئۆردۆ بێکاران رۆژ بەرۆژ بەرینتر دەبێتەوە و موحتاجی سەرەتاییترین پێداویستی ژیارین، ئەوە لە کاتێکدایە کە پێشمەرگەو کەم ئەندامان و لاوان، لەوپەڕێ دۆخی خراپی ژیاندانن... هەروەها خەڵکی موحتاجی سەرەتاییترین پیداویستی تەندروستی و ئاو و کارەباو خزمەتگوزارییەکانە...

ئەم جەنابابەی پەرلەمان و پشتیوانە سیاسییەکانیان، فەزل فرۆشی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکەن، کە ماندو و بوون شەونخونیان کێشاوە، چ بێ شەرمیەکە؟ دەکرێت ئەندام پەرلەمانێک کارێکی باشی پەرلەمانمان نیشان بدات، یەک یاسای مۆدێرن و ئینسانی کە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات، بخاتە ڕوو. چاودێری لێپرسینەوەیەک لە حکومەت و وەزیرەکان!! بخاتە بەرچاو؟ بیگومان پەرلەمان و ئەندامەکانی ئەو پەرلەمانە کە

کادری دەرجە لەخواری حزب و گوێرایەڵەکانی بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانی ناو بریاری حزبن، نەک لە چوار ساڵی رابردوودا، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٢ وە تا ئێستا ناتوانن یەک هەنگاو یەک دەستکەوت لە بەرژەوەندی خەڵکی بێبەشی کوردستان بخەنە روو، ئەوە لەکاتێکدایە کەیسی دەمەزەردکردنەوەی پیاوساڵای و فرە ژنی، کەیس و یاسای دژە تیرۆر بۆ دەست ئاوەڵابوون بۆ سەرکوت، کەیس و دۆسیەی ئامادەنەبوون بۆ زیادکردنی موچە بۆ ٤٠٠ هەزار دینار، کەیسی دیزەبەدەرخۆنەکردنی تیرۆری رۆژنامەنووسان و خۆپیشاندانەکانی کوردستان، کەیسی چاو نوقاندن لە بازرگانان لەگەڵ داعش، کەیسی هینانی سوپاسی بەعس بۆ هەولێر و پەلکێشکردنی سوپای پاسداران و باندەکانیان بۆ قوڵایی کوردستان، تا دەگاتە دۆسیەی ١٦ ئۆکتۆبەر... هەموو ئەو پەروەندانەن کە ریسوایی پەرلەمان، نیشان دەدەن...

پەرلەمان و ئەندامەکانی زۆر سوکتر و بێ بەهاترن لە ئەنجومەنی نیشتیمانی سەردەمی بەعس و ئەندامە قورمێشکراو و بەعسیەکان. ئەم توێژە لە کاراکتەری سیاسی لە کوردستان لە دەسەڵاتدا، لەناو بازنەی حکومەت و پەرلەماندا بێت یان لەدەرەوەی ئەو دوو دیکۆرە موچەخۆرەی حزب بیت، شکستخواردوترین و بێ پرانسیپترین توێژن، کە کۆمەڵگەی کوردستانیان بۆ هاوڵاتیانی کردۆتە دۆزەخ و ژینگەیەکی هەمیشە ئاوسی مەرگەسات.

لەبەرامبەریشدا و لەسەر ئەساسی دزینی بەری رەنجی کرێکاران و زەحمەتکێشان، کارمەندان و فەرمانبەران، و دەست بەسەراگرتن و هەرزان فرۆشکردنی داهات و سامانی خەڵکی کوردستان ژیانێکی بەهەشت ئاساو فیرعەون ئاسایان بۆ ئیستاو دەیان دەهەی داهاتووی تر بۆخۆیان و دەوروبەریان زامن کردووە. کەمایەتیەکی زۆرکەمی کۆمەڵگە لە سەرمایەداران و چینی حاکم" کە وەزیر و گزیرەکان، ئەندام پەرلەمانەکان...تاد" بەشیکن لەو چینە مشەخۆرو سەرمایەدارە، ژیان و گوزەرانی زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان و نەوەکانی داهاتووشیان، کردۆتە قوربانی چاوچنۆکی کەڵەکەی سەرمایە بۆ خۆیان.

ئەو ٤٩ ملیۆن دینارە، لەگەڵ موچەی مانگانەو موچە خانەنشینی، ئەندامانی پەرلەمان لەپاڵ دزیەکانی تر لە پۆستە سیادیەکان. دزییەکی ئاشکرای لێخۆش بوون هەڵنەگرە، تاوانێکی نەبەخشراوە، وە بەشیکی جیانەکراوەیە لە سیستەمی سیاسی دزو مافیایی و تاڵانچیتی، بزوتنەوەی کوردایەتی کە وێنەی لە دنیادا ناوازەیە. خەڵکی کوردستان لە خەباتی خۆیاندا بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە دەبێ کاری خۆیان لەگەڵ ئەو توێژە سوکە تاڵانچییە لە دەسەڵاتدا و لەحکومەت و پەرلەمانە کارتۆنیەکەشیان یەکلایی بکەنەوە سامانیان دەستی بەسەردا بگریت و خۆشیان لێپێچینەوەی یاساییان لەدادگایەکی سەربەخۆی بێلایەن عادلانەدا، لەگەڵ بکرێت. ئەو راستیەش چەند بارە سەلمایەوە، کە درۆی ئەوەی بۆیە دەبینە ئەندام پەرلەمان تا ببینە نوێنەی خەڵک و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان باش بکەن... بەکردەوە بۆتە نیعەت بۆ خۆیان و نەوەکانیان و نەگبەتی و بیمافی و ژیانی مەمرەو مەژی بۆ زوربەی هەرەزۆری بەرهەم هێنەرانی واقعی کۆمەڵگە...

# کامیان گرنگترن، کرێکاری ژینگەپارێز یاخود پەرلەمانتار؟

## مستەفا باهیر



لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کۆمەڵێک دامەزراوە هەن کە ناتوانن ئیزافەیەکی ئەوتۆ بخەنە سەر ژیانی هاوڵاتیان، لەو دامەزراوانەشدا چەندین کەس هەن کە تەنها ناوی گەورەن و پارەی زۆر وەردەگرن، لەبەرامبەریشدا چەندین چین و توێژ هەن کە سەرمایەداریی پەراوێزی خستوون و کارەکانیان گرنگ تەماشا ناکرێن، بەڵام لە چرکەساتێکدا هەمووان هەست بە گرنگیان دەکەین.

لە هەرێمی کوردستان دەکرێت پەرلەمان وەک ئەو دەزگایە سەیربکرێت کە تەنها ناوێکی گەورەی هەڵگرتووە و لە ناوەرۆکدا پووچە، حزبەکان و دەزگاکانی راگەیاندن هەڵایەکی زۆریان لەدەوری ئەو دەزگایە دروستکردووە و وێنەیەکی موزەیەفیان بۆ بنیاتناوە لە هزری هەمووان‌دا کە زۆر دوورە لە وێنە راستەقینەکەی خۆیەوە. ساڵانە سەدان ملیۆن دینار لەناو پەرلەماندا بۆ ئەندام پەرلەمانەکان خەرج دەکرێت بەبێ ئەوەی سوودێکی ئەوتۆی راستەوخۆیان بەسەر ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمەوە هەبێت. باشترین نموونەش ئەو دوو ساڵەبوو کە دەرگای پەرلەمان کڵۆمدرا و هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام نەدا، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی بەسەر خەڵی کوردستانەوە نەبوو، ئەوە سەلماندی کە بوون و نەبوونی پەرلەمان وەک یەکە. لەوەش زیاتر پەرلەمان بە کردەوە نیشانیدا، خۆ دەردێکە، نەک دەوای هیچ دەردێک... لوشدانی ئەو هەموو پارەو ئیمتیازاتە بۆ هەرخولێکی پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکان، و موچەی خانەنشینی ٦ ملیۆنی، فەرهودێکی ئاشکراو بە یاسایی کراوی پەرلەمانە، بۆیە بەرگرتن بەو دزی و فەرهودەش پێویستی بەخەبات و تێکۆشانی جەماوەریی هەیە...

لە بەرامبەردا چەندان دەزگا و فەرمانگەی دیکە هەن کە گرنگییەکی هێجگار زۆریان بەسەر ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتداران و میدیاکانەوە بەتەواوی پەراوێزخراون، بۆ نمونە کرێکارانی ژینگەپارێز. ئەوانەی رۆژانە بەمووچەیەکی کەم کە تەنها ژیانێکی کولەمەرگیان بۆ دابیندەکات، شەقام بە شەقام و شۆستە بە شۆستەی ئەم هەرێمە پاکدەکەنەوە. و ئەگەر ئەمان ئەم کارە نەکەن کۆمەڵگەو سیمای شاری مانایەکی نامێنێ... هەفتەی رابردوو بەشێک لەو کرێکارانە مانگرتنیان راگەیاند و کۆبونەوەیەکی نارەزایەتیان ئەنجامدا، هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو کە ئەو مووچە کەمەی هەیانە و مانگانە 350 هەزار دینارە، بۆیان کەمکراوەتەوە بۆ 300 هەزار دینار.

گەر بەراوردێک لەنێوان پەرلەمان و ژینگەپارێزاندا بکرێت، ئەندامەکانی یەکەم مانگانەیان 8 ملیۆن دینارە و ئەوەی دووەمیان 350 هەزار و بۆشیان کەمدەکرێتەوە، پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ داخرا هیچی ئەوتۆ لە ژیانی خەڵکی کوردستان نەگۆڕا، بەڵام ئایا گەر کرێکارانی ژینگەپارێز بۆ ماوەی دوو ساڵ نا، بەڵکو تەنها یەک مانگ مان بگرن و کار نەکەن، چی بەسەر کوردستاندا دێت؟ کێ دەتوانێت تێیدا بژی؟ ئایا ئەو کاتە قەدری ئەو کەسانە دەزانن؟...

# بڕیاری نوێی دادگای هەرێم ڕەوایی بۆ کۆیلەیی ژنانی کوردستان

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی



هەڵاواردنی رەگەزی لە زۆربەی کۆمەلگەکان بە تایبەت کۆمەلگە سونەتی و دواکەوتووەکان وەکو یەکێک لە بەرچاوترین خەسارە کۆمەلایەتیەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی بووە. کلتوری کۆمەلگە سونەتی و دواکەووتوەکان خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی تاکەکان و بۆتە هۆکاری جیاکاری و هەڵاواردنی رەگەزی و بەردەوام و پێگە و ژێر دەستەیی ژنانی لەو کۆمەلگەیانەدا پەرەپێداوە. سونەت و دواکەوتویی و پیاوەزنی ساڵەهایە بۆتە ئەبزاری دەستی سەرمایەداری بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤەکان. هەر چەند بە درێژایی بوونی ئەو خەسار و پەتایە چالاکانی مافی ژنان و بزوتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتیەکان بۆ لابردن و نەمانی هەڵاواردن هەولێ زۆریان داوە، بەلام هیشتاکەش لە زۆربەی ولاتانی جیهان بە تایبەتی ئەو ولاتانەی کە پیکهاتەی سیاسی و کۆمەلایەتیەکەی لەسەر لێ ئەستاندنەوەی شوناسی تاکەکان ڕۆنراوە و ئەبزاری ئایینی بە دەستەوەیە بوونی هەیە. ئەم هەلاواردن و جیاکاری رەگەزییە تەنانەت خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی تاکەکەسی ژنان لەو ولاتانە و ئەوانی لە بەشدار بوون لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەلایەتی بێبەش کردووە، کە ئەوە ئامانجی سەرەکی حاکمانی سەرمایەداریە. ئەوەی کە هانی دام ئەو بابەتە بنوسم بارودۆخی نالەباری ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ژێرسایەی حاکمیەتی چەند حیزبی ناسیونالیست دینی و دواکەتوویە کە ساڵەهایە ژنان و خواستە بەرحەقەکانی ئەوانی کردۆتە ئامانجی دزێوی خۆی و هەر رۆژە و یاسایەک بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ژنان و چەوساندەوە و ژێرپێنانی کەرامتیان پەسند دەکات. یاساگەلێک کە لەلایەن کابینەی حاکمیەتێکی ناسیونال دینی و دژە مرۆڤەوە پەسەند دەکرێ وبە ئاشکرا ماف و شکۆی ژنان پایماڵ دەکات و ماهیەتی راستەقینەی ئەو حکومەتە دژە مرۆڤە نیشان دەدات. حکومەتێک کە لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە بە ناوی ئایین و کلتوری چەق بەستوو کە پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و دەیلکێنێ بە کۆمەلگەی کوردیەوە ژنان و مافەکانیانی کردۆتە ئامانجی خۆی و هەر رۆژە و بێ مافی و سوکایەتیەک بۆ ئەو رەگەزەی کۆمەلگە بە دیاری دێنێ. سیستمێک کە مافی ژنانی ئەو ولاتەی لە چوارچێوەی مارەیی و ئالتون و نەفەقە و هەموو ئەو دەستەواژانەدا بەرتەسک کردۆتەوە کە بە راستی بێرێزییە بە کەرامەتی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی. سیستم وحاکمیەتێک کە ساڵەهایە توندوتیژی و کوشتن و بڕین و دەستدرێژی بۆ ژنانی ئەو ولاتە بە دیاری هێناوە، ژنانێک کە سالەها بە دژی دیکتاتوری لە خەبات نەوەستان و لە بەرامبەر حکومەتێکی دیکتاتوری وەک سەدام وەسانەوە، بەلام دوای بە دەسەلات گەیشتنی حکومەتی دینی ناسیونالیستی هەرێم بێمافی و چارەرەشی بەرۆکی گرتوون. لە تازەترین تاوان و سوکایەتی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان بە ژنانی ئەو ولاتە پەسندکردنی یاسایەکی دژە مرۆڤ و مەترسیدارە کە رەوایی دەبەخشێ بە کۆیلەیی و ژێر دەستەیی ژنان و وەک کالای جنسی و کۆیلەی پیاو نیشاند دەدات وبە ئەبزاری شەرع و یاسا ژنان دەکاتە کۆیلەی جنسی کە تەنیا ئەرکیان دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی پیاوان لە ولاتەیە. لە تازەترین بڕیاردا سەرۆکی دادگای کەرکوک سەرجەم دادوەرانی باری کەسێتی ئاگادارکردۆتەوە داوای ڕەزامەندی هاوژینی یەکەم لەو پیاوانە نەکەن کە ئەیانەوێت ژنی دووەم بهێنن، هەروەها بۆ سێیەم و چوارەمیش.

ئەم بڕیارە نوێیەی سەرۆکی دادگای کەرکوک تەواو پێچەوانەی یاسای باری کەسێتیە لەپرسی هاوسەرگیریدا. بڕیارێکی مەترسیدارە کە مرۆڤەکان بۆ دواکەوتویی و توندوتیژی هان دەدات و کەرامەتی ژنان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بێگومان لە حکومەتی ناسیونالیست دینی کە پەرە بە توندوتیژی و دواکەوتوویی لە کۆمەلگە دەدات و ساڵەهایە هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن و پەروەردەی بۆ ئەو مەبەستە بە کارهێناوە ناتوانین چاوەروانی لەوە زیاترمان هەبێ، حکومەتیک کە لە سەر بنەمای شەرع و ئایینەوە بنیات نراوە، ئایینێک کە جەستەی کچێکی نۆسالان وەکو ئامادەی سێکس دەبینی ولەژێر ناوی مارەیی و زەواجەوە رەوایی بە دەستریژی و تاوان دەدات. حکومەتێک کە سالەهایە بە روهەڵماڕاوییەوە هەر جارە و یاسایەکی دژە ژن لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکات و سوکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکان دەکات. بۆیە ژنانی کوردستان دەبێ بە وشیاری زیاترەوە لە بابەتی رەوایی و پەرەدان بە فرەژنی و کۆیلەبوونی ژنان بە مەبەستی جنسی، بوەستنەوەو پایە لەرۆزۆکەکانی ئەو حکمومەتە لەرزۆکتر بکەن. ژنان دەبێ لە بەرامبەر ئەو بڕیارە نامرۆڤانەیەی حاکمانی هەرێم بێ دەنگ نەبن. ژنان دەبێ بە خەباتی لیبڕاوانەی خۆیان بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نیشان بدەن کە ئەوان تەنیا کۆیلەی جنسی و ئەبزاری زاو و زێ نین و نە حکومەت و نە کۆمەلگە ناتوانێ بەو شێوە لەوان بڕوانێ. ژنانی هەرێمی کوردستان دەبێ بەو ئاکامە بگەن کە تاکە رێگەچارەی ئازادی و نەمانی کۆیلەییان نەمانی ئەو حکومەتە و دامەزرانی حکومەتێکی سوسیالیستیە کە مافی بەرابەریان لەگەڵ پیاوان هەبێ..

# بۆ دژی سزای ئابوری ئەمریکام بۆ سەر ئێران؟

نووسینی: ڕۆژ عەزیز

هۆکارەکەی ئەوە نییە کە لایەنگری ڕژێمی ئێران بم و دژی ئامریکا بم کە سزای ئابوری خستۆتە سەر ئێران، بەبروای من سزای ئابوری بۆسەر ئێران جمهوری ئیسلامی ئێران لاواز یاخود نارِوخێنێت، بەڵکو ئیرادەی شۆرشگێرانەی خەڵک لاوازتر دەکات یاخود پاشەکشەی پێ دەکات بۆ روخانی ئەو ڕژێمە و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران کارەکانیان قورستر دەبن بۆ روخانی جمهوری ئیسلامی ئێران. مێژوو نیشانی داوە بە سزای ئابوری لەلایەن ئەمریکا بۆ سەر هەر وڵاتێک کە گوێ رایەڵی ئەو نەبێت بەسزای ئابوری نەروخاوە یان لاواز نەبووە، بەڵکو ئەوە خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو وڵاتەیە باجی قورسی سزای ئابوری دەدەن و خەڵک هەژارترو بێ کارترو نەبووتر دەبن توانای شۆرش و ڕاپەرینیشیان لاوازتر دەبێت، چونکە فەقرو فەلاکەت وایان لێ دەکات تەنها فریای ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بکەون.

سزای ئابوری لەلایەن ئەمریکا بۆسەر هەر وڵاتێک ئەوپەڕی دژی ئینسانییە و خەڵکی زەحمەتکێش ژیانیان قورستر دەبێت و بێکاری بێ نانی و وە لەو لاشەوە کاڵاکان گرانتر دەبن کە خەڵک توانای کڕینی نییە، وە خەڵکیش رەنگە بەمانگ نەتوانن کیلۆیەک گۆشت بکڕن. ئەوانەی کەوتونەتە هەلەکە سەما لەبەرامبەر بریارەکانی ئەمریکادا، پێیان وایە ئەمریکا جمهوری ئیسلامی ئێران بەم سزای ئابوریە دەروخێنێت. دەبوایە چاوێکیان بەمێژووی سزای ئابوری ئەمریکا بخشاندایە کە چەندین ساڵ ئەو سزایەی بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپاند کە سەدام حسین دارودەستەکەی زیاتر ملهورتر بوون و خەڵکی عێراقیش ژەمی ڕۆژانەیان نەبوو بیخۆن و هەزاران خەڵک بەهۆی سزای ئابوری ئەمریکا بۆ سەر عێراق لەبرسا مردن، بەهەزاران ژن بۆ پاروە نانێک خەریکی لەشفرۆشی بوون لەجیاتی ئارد بێویژدانەکانی بازاڕیش گەچیان تێکەڵ بەئارد دەکرد بە خەڵکیان دەفرۆشت و لەو لاشەوە بازرگانە چاوچنۆکەکانی سەرمایەو دەسەڵاتیش باکیان بەگرانی بازاڕ نەبوو، هەر رۆژەو بەئارەزووی خۆیان شتیان گران دەکرد.

ئەمە ئەو ژیانە بوو کە لەسایەی سیاسەتی دژی ئینسانی ئەمریکا بوو کە بە سزای ئابوری خەڵکی عێراقی بە رۆژێک سپارد لەمێژوودا وێنەی نەبووە و بۆ هەتاهەتایە لەبیر ناکرێت ئەو گرانیە کە ئەمریکا خولقێنەری بوو. ئێستا تێناگەم خەڵکی بۆ ئەمەی لەبیر کردوە خۆشخەیاڵە بەسیاسەتی ئەمریکا، پێی خۆشە ئەمریکا سزای ئابوری خستۆتە سەر ئێران. ئەوانەی دوای سیاسەتی ئەمریکا کەوتوون بەم سزایە ئاسودەن ئەوانەن چاوەرێی ئەمریکان لەئێران ئەمریکا ئاڵوگۆڕێک دروست بێت تا ئەمریکا شتێکیان پێ بدات. مەعلومە ناسیونالیستی کورد لەئێران زۆر بەم سزای ئابوریە کەیفی پێ دێت چاوەڕێ یە لەئایندەی ئێراندا، بەڵکو ئەمریکا ئەو ڕژێمە لابەرێت رژێمێکی گوێ لەمشتی ئەمریکا دروست بێت ناسیونالیستەکانی کوردیش شەریک بکات. من زۆر کەس ولایەن دەبینم بەسزای ئابوری تووشی شاگەشکە بووە لەخۆشیدا، هیچ بیرێک لەژیانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ناکەنەوە کە لەئێستادا چ ژیانێکی خراپیان هەیە لەسایەی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران.

هەر کەس و لایەنێک پشتیوانی لە سزای ئابوری ئامریکا بکات بۆ سەر ئێران، ئەوە لەبەرەی ئەمریکاو سیاسەتە دژە ئینسانیەکانی ئەمریکادایە کە لەدژی خەڵکی ئێران بەرێ خستووە. پشتیوانی لە سزای ئابوری ئەوپەڕی دژی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێرانە، دەبێت نەک پشتیوانی سیاسەتی ئەمریکا نەکەین، بەڵکو لەدژی سزای ئابوری بۆ سەر ئێران نارەزایەتی دەربڕین لەدژی بوەستینەوە هەر چۆن لەساڵەکانی نەوەتەکاندا خەڵکی زەحمەتکێش وکۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان لەدژی ئابلۆقەی ئابوری بۆ سەر عێراق نارەزایەتیان دەبڕی، بەرەیەکی گەورەی جیهانیش لەدژی سزای ئابوری بۆسەر عێراق هاتە مەیدانەوە کە دژی سیاسەتی نا ئینسانیانەی ئەمریکا بوو کە سزای ئابوری خستە سەر عێراق.

لەکوردستانی عێراقدا کۆمۆنیستەکان لەدژی ئابلۆقەی ئابوری نارەزایەتیان دەربڕی کەچی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی کۆمۆنیستەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە پشتیوانی لەسەدام دەکەن و پێیان دەوتن ئەمانە تابوری پێنجەمن، بەڵام ساڵانێک دوای ئابلۆقەی ئابوری بۆ سەر عێراق زانیان نەک سەدام ودارودەستەکەی نەروخا، بەڵکو بەهێزتر بوو تەنها خەڵکی عێراق بوون زەڕبەی گەورەیان خواردو حیزبە باڵادەستەکانی کوردستانیش ئەو راستەیان بۆ دەرکەوت کە کۆمۆنیستەکان راستیان کرد کە ئابلۆقەی ئابوری سەدام حسین دارو دەستەکەی نەروخاند، بەڵکو هەر خەڵکەکەی باجی گەورەیان دا، تەنانەت ناسیونالیستەکانی کورد ئەوکاتە لەخۆشی سزای ئابوری بۆ سەر عێراق کەوتنە هەلەکە سەما، بەڵام دوای چەند ساڵ هەر خۆیان بوون داوایان لەئەمریکا کرد سزای ئابوری سەر عێراق هەڵبگرێت، چونکە خەڵکی زەرەمەندی گەورە دەبن. ئێستاش هەمان سیاسەتی ئەمریکا لەدژی ئێران دەستی پێکردوە هەر ناسیونایستەکانی کوردن پشتیوانی لەم سیاسەتە دەکەن کە من دڵنیام سبەینێ هەر خۆیان دەبن دژی سزای ئابوری ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەنگ هەڵدەبڕن داوا دەکەن سزای ئابوری سەرئێران هەڵبگرن. ئەرکی خەڵکی ئازادیخوازی دنیاو ئەرکی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران وتەواوی دنیا هەیە لەدژی سزای ئابوری ئەمریکا بۆ سەر ئێران نارەزایەتی دەربڕن و ڕێگە نەدەن ئەمریکا جارێکی دیکە هەمان سیناریۆی سزای ئابوری کە چۆن بەسەر عیراقیدا سەپاند لە دوای ساڵی ١٩٩١وە ئێستاش دەیەوێت هەمان سزای ئابوری لە ئێران دوبارە بکاتەوە. دەبێت لەدژی راوەستین، چونکە ئەم سزایە جمهوری ئیسلامی ئێران لەناو نابات، هەر چۆن سەدام حسین بەسزای ئابوری ئەمریکا نەڕوخا ئاواش ئێران بەم سزایە لەناو ناچێت...

# بڕیارەکەی دەوڵەتی ئەمریکا پشتیوانی یە لەتیرۆریستان!

نووسینی: عبدالرحمن ڕەسوڵ



تیرۆر یەکێکە لەو دیاردە ترسناکانەی کە لە بەشێک لە گۆشە و کەنارەکانی جیهان و لە بەشەکانی کوردستان و زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بەفراوانی هەڕەشە لە خەڵکی سیاسی و عەناسری پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز و سیکولار و کۆمۆنیست بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی دەکات ،بە هۆی چالاکی تیرۆریستانەوە ڕۆژانە لە گۆشە و کەنارەکانی جیهان شاڵاویان دەباتە سەر و گیانیان لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵدەلوشێ.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەدرێژایی مێژوو کاتێک کۆمەڵگە بەهۆی گەشەی هۆش و هزرو فکر و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و گەشەکردنی بەرهەمهێنان و نوێ بوونەوی کۆمەڵ مرۆڤەکان هەوڵی تێکۆشانیان بۆ دەربازبوون لە یاسا و دەستووری کۆن داوە، ئەمەش بۆئەوەبووە کە مرۆڤەکان لە ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەری و سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجە ڕزگارییان بێت.

بەرامبەر ئەم تێکۆشانەی مرۆڤەکان بەشێک لە مرۆڤەکان بەرژەوەندی تایبەتییان لەگەڵ یاسا و دەستور و ستەمی چەوسێنەری کۆن و دژە مرۆڤایەتی دا هەبووە، بۆیە هەوڵی زۆریان داوە بۆ لەمپەرخستنە بەردەم گۆڕانی کۆمەڵ، بەڵام نەیان توانیوە سەربکەون بەسەر گەشەی هۆشی وبیرکردنەوەی مرۆڤەکان بۆ هێنانەدی ئازادی و مافەکانیان. لەبەرئەوە ڕژێمە سەرکوتگەرەکان و سیستەمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان پەنایان بردۆتە بەر زیندان و ئەشکەنجە و ئازار و کوشتن ولەسێدارەدان و تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی و هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز و سیکولار و مرۆڤ دۆست و یەکسانیخوازان.

لە هەموو سەردەمەکانیشدا سیستەمە چەوسێنەرەکان بەجۆرێک ئەگەر پێویستی کردبێت هاوکاری یەکتری بوون بۆ مانەوەی چەوسانەوە و نابەرابەری و سیستەمی چەوسێنەری وڵاتان. لەسەدەکانی ڕابردوودا کاتێک هێرش کرایە سەر خەڵکی ڕەش پێست لەزۆرینەی وڵاتان خەڵکی ڕەش پێست بەپلە دوو ئەژمار دەکرا و دەچەوسێندرانەوە و ئازار و ئەشکەنجە دەدران. ئەوە تێکۆشانی یەکگرتووانی خەڵکی ئازادیخوازی ڕەش پێست بوو توانی خەڵکی ڕەش پێست بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن و لە ئێستادا بەزۆرێک لەماف و ئازادییەکانیان بگەن .

خەڵکی جولەکە لەسەدەکانی ڕابردوو زۆر چەوسێندرانەوە و کۆمەڵکوژکران لەلایەن سیستەمە چەوسێنەرەکان و تەنانەت کاتێک لەدەست چەوسانەوە و ئازارەکان و ئەشکەنجەدان وڵاتیان جێ دەهێشت و ئاوارە دەبوون لە زۆرێک لە دەوڵەتان نەیان دەهێشت ئاوارە جولەکەکان ڕوو لە وڵاتەکەیان بکەن، بۆیە زۆرێکیان بەناچاری دەگەڕانەوە وڵاتی سیستەمی چەوسێنەری وەک ئەڵمانیای نازی لەناو کەمپە داخراوەکان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستدەدا، بەڵام لەکۆتاییدا خەڵکی جولەکە بەهۆی گەشەی وشیاری یەکگرتوویی و تێکۆشانی هاوبەشیان توانیان ڕزگارییان بێت و دەوڵەتی خۆشیان هەبێت.

لەمێژوویی مرۆڤایەتی دا چەندەها نموونەی تێکۆشانی یەکگرتووانەی تێکۆشانی هاوبەشی گەلانی چەوساوە و خەڵکی چەوساوە ڕوویداوە کە پاش چەندەها کۆسپ و لەمپەر و تەنانەت زیندان و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان و کوشتن و تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکانیان لەکۆتاییدا بەهۆی گەشەی وشیاری بۆ تێکۆشانی یەکگرتوانەیان ڕزگارییان بووە و بەزۆرێک لەماف و ئازادییەکانیان گەیشتوون.

تەنانەت بەشێک لە سەرۆکی دەوڵەتان لە ئێستادا داوای لێبووردن لەو گەل و خەڵکانە دەکات کە لە قۆناغەکانی ڕابردوویی مێژوودا سیستەم و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتەکەی تاوانی بەرامبەریان ئەنجامداوە یان وەکو پێویست هاوکارییان نەکردوون کاتێک ئاوارەبوون و کۆچییان بۆ وڵاتەکەی کردووە. هەموو ئەوانە بەرهەمی تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی گەلانی چەوساوە و خەڵکی ئازادیخواز بووە .

ئەوەی لە ئێستا ڕوودەدات درێژکراوەی مێژوویی مرۆڤایەتییە واتە بەهەمان جۆرە سیستەمە چەوسێنەرەکانی ڕابردوو دەوڵەتانی چەوسێنەر و نابەرابەر و سەرکوتگەر لەسەردەمی ئێستای سەرمایەداریدا لەکاتی پێویستدا هاوکاری یەکتری دەکەن لە پێناوی مانەوەی سیستەمەکەیاندا. ئەوەی بەلایانەوە گرینگە تەنها پاراستن و بەدەستهێنانی سوود و بەرژەوەندی بازرگانی و دارایی و سیاسییە، نەک پاراستن و سوود بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی بۆ مرۆڤە چەوسێنەر و چەوساوەکانی جیهان.

هەر لەو چوارچێوەیەشدایە دەوڵەتانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا و ڕوسیا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا سیاسەت دەکەن و دەوڵەتداری دەکەن، بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر و کۆمەڵکوژی و گەشەی فکری توندڕەوی تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندییە بازرگانی و دارایی وسیاسییەکانیان دەکەن نەک پاراستنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی چەوساوە. لە کاتێکدا زەبر و زەنگ و توندوتیژییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی تورکیا دژ بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لەباکووری کوردستان و پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتی و فەردییەکان لە هەڵکشاندایە، و هەزاران ڕۆڵەی سیاسی و ئازادیخوازی کورد و نەتەوەکانی تری خستۆتە زیندان، بەچەندەها ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ کە تەنها لەبەرئەوەی بەرگرییان لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کردووە داخراون. ٢٥ ملیۆن کوردن لە باکوری کوردستان، کە تاوەکو ئێستاش دەوڵەتی ئیسلامی تورکیا نکۆڵیی لە بوونیان دەکات سەرکردە سیاسی یەکانی کورد دەخاتە زیندانەکان. ئا لەو کاتەدا حکومەتی ئەمریکا سێ لە رابەرە دیارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی خستۆتە نێو بازنەی ئامانجەکانی و حیسابی تیرۆریست بوونیان بۆدەکات و ملیۆنان دۆلاری تەرخان کردووە بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەوان.

لەکاتێکدا پارتی کرێکارانی کوردستان چەندین جار داوایی ئاگر بەست و دابینکردنی ئاشتی لە دەوڵەتی تورکیا کردووە، سەرجەم جارەکانیش لە دەوڵەتی تورکیا ئاگربەستی شکاندووە و هێرشی کردۆتە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان. چەندین جار بە فرۆکە دەوڵەتی ئیسلامیی تورکیا لە دێهات و گوندەکانی باکوری کودستان کومەڵکوژی ئەنجامداوە و لە باشووری کوردستان بە فرۆکە بۆمبارانی دێهاتەکانی باشووری کوردستانی کردووە و ژن و منداڵ و هاوڵاتیانی سیڤلی کردۆتە قوربانی، بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانەی نەبووە و ئەو هێرشانەی مەحکوم نەکردووە .

بەڵام بڕیار دەدات دەوڵەتی ئەمریکا کە هەرکەسێک موراد قەرەیڵان پێنج ملیۆن دۆلار، جەمیل بایک چوار ملیۆن دۆلار، دوران کاڵکان سێ ملیۆن دۆلار". شوێنیان دەست نیشان بکات. ئەمەنیشانەی ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا کە سیستەمەکەی هاوشێوەی دەوڵاتانی سەرمایەدارییە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ماددی و بازرگانییەکانە، پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی تورکیا و دەوڵەتی ئەمریکاش لەسەر هەمان بنەمایە و بڕیارەکەی ئەمریکاش لەم چوارچێوە گیراوە .

بەشێک لەسیاسییەکانی کورد پێیان وایە دەوڵەتی ئەمریکا هاوکاری کورد دەکات بۆ هێنانەدی ماف و ئازادی یەکان، بەڵام ئەوەیە ڕاستیەکەی کە دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی سەرمایەدار، تەنها قازانجی بازرگانی و دارایی و سیاسی خۆیان دەوێ نەک هاوکاربن بۆ هێنانەدی ماف و ئازادی گەلانی ژێردەستەو چەوساوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان و پەیەدە بە بەردەوامی وەک هێزێکی کاریگەر و بەهێز لە بەرامبەر هێزەکانی تیرۆریستانی داعشی ئیسلامیی لە عێراق و سووریا وەستاونەتەوە و چەندەها قوربانیان داوە. ئەگەر هێزەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکانی یەزیدییەکان و مەسحییەکانی عێراق و سووریا نەبان کاتێک تیرۆریستانی داعشی ئیسلامی هێرشی بۆسەریان کرد بە دڵنیاییەوە ڕێژەی قوربانییەکانی یەزیدییەکان زۆر گەورەتر دەبوو، چونکە هێزێک کە هاوکاری یەزیدییەکان بوو لەکاتی هێرشەکاندا، گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و پەیەدە بوو دووهێزی بەچاوی بەرەنگاری بوون، کەواتە ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی و سوودی تیرۆرستانە.

ئەو بڕیارەی ساڵی ٢٠١٨ درێژکراوەی پیلانگێڕیی ساڵی ١٩٩٩ کە تێیدا بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان ڕێبەری پەکەکەی تێدا ڕفێندراو دەزگاکانی 'سی ئای ئەی' و 'مۆساد'ی ئیسرائیل، ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە ڕفاندنی ئۆجالاندا، ئەمەش هەمان پیلانگێڕییە، ئەوان وایان دەزانی کە بەڕێز ئۆجالان دەستگیربکەن و بخرێتە زیندانەوە، کۆتایی بە پارتی کرێکارانی کوردستان دێت و لەناو دەچێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو پارتە لەناو نەچوو بزوتنەوەی نارەزایەتی و شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانیش شکستی نەخوارد، بەڵام پیلانگێڕی لەدژی نەیارانی سیاسی و تیکۆشەران و ئازادیخوازانی کوردستان درێژەی هەیە. سەرکەوتنی بەسەر ئەو جۆرە پیلانگێڕانە بەندە بە بەهێزکردنی تێکۆشانی یەکگرتووانەی سەرجەم هێز و حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخواز و سیکۆلار و یەکسانیخوازەکان کە لەسەر جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگایەکی هاوبەش کۆک و یەکگرتووبن بۆ تێکۆشان بۆ هێنانەدی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. بۆیە پێویستە هەریەکە لە ئاست خۆیەوە بە ئەرکی مرۆڤانە و ئازادیخوازانەی خۆی هەستێت و دژایەتی خۆیی بەرامبەر ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا ڕابگەیەنێت، بەجۆرێکی شارستانی و مەدەنی بە دەوڵەتی ئەمریکا بڵێت کە رابەران و نەیارانی سیاسی دەوڵەتە فاشیست و دیکتاتۆرەکان، لەوانەش نەیاران و رابەرانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا، وە ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕان بۆ فرۆشتن نین... وە پێویستە بە بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری فراون ئەو مامەڵەی دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی ئەمریکا هەڵبوەشیتەوە... ئەو هەنگاوە بۆ دانانی رابەرانی سیاسی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، تیرۆریزمێکی ئاشکرای دەوڵەتی و نێودەوڵەتییە...

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# پەرلەمان شوێنێکە بۆ پڕکردنی گیرفانەکان

## نووسینی: ڕۆژ عەزیز



٢٧ساڵە سەرانی ناسیونالیستی کورد بەشێوازی جۆراجۆر شەرعیەت بە دەسەڵاتیان دەدەنەوە، ٢٧ساڵە ئەمانە بەناوی پەرلەمان وحکومەتیانەوە خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک و هەر چوار ساڵ جارێک بەکۆمەڵێک درۆی گەورە خەڵک پەرلکێشی سەر سندوقەکان دەکەن. دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردو حیزب و بزوتنەوە شەریکەکان لە دەسەڵات ئەوەندەیان پارە هەیە کە بۆ دەنگدان باکیان نییەو بەشی خۆیان دەنگ دەهێنن، زۆر خەڵکیان وەک کریگرتە بەرهەم هێناوە.

هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاواز لەجارانەو خەڵکێکی زۆر نەچووە پای سندوقەکان تا دەنگ بدەن، سەرەرای ئەوەی ساختەکاری زۆریان کرد بەئاشکراو ئەوانەی کە لەم پرۆسەیەشدا بەشدار بوون بێجگە لەیەکێتی پارتی باسیان لەساختەکاری دەکرد کە بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ساختەکاری زۆری کرد، کەچی کۆمەڵی ئیسلامی یەکگرتووی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی نەوەی نوێ و بزوتنەوەی گۆران نارِازی بوون بە ئەنجامی پرۆسەکە، بەڵام لەپرێکدا هەموویان بێدەنگ بوون رازی بوون بەئەنجامی هەڵبژاردنەکەو دەستیان خستە نێو دەستی یەک تا پەرلەمانێک دروست بکەن خۆیان شەریک بن و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە لوش بدەن.

ئەمانە هیچ شەرمیان نەکرد کە لەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەتایبەتی نەوەی نوێ وگۆڕان نارازی بوون بەدەرەجەی یەکەم، عەلی حەمە ساڵحی گۆڕانخواز سەری زمان وبنی زمانی باسی ساختەکاری ئەم دوو حیزبە گەورەی دەکرد کەچی ئەمرۆ باسێک نەما لەوەی ساختەکاری کراوە، بگرە هەموویان چونەوە باوەشی پەرلەمانە نازدارەکەی یەکێتی و پارتی. ئەوسا ئێمە وتمان ئەمانە بۆئەوە وا دەکەن تا شتێک زیاتریان پێ بدەن لەپۆست و پارە و ئیتر بێدەنگ دەبن ، ئێستا مەعلوم بوو ئەمانە کە تەنها هاتوهاواری ئەوەیان بوو تا کورسیەک یان پۆستێک زیاتریان پێبدەن. مەهزەلەی سیناریۆی گاڵتەجاری ئەم پەرلەمانە ئەوەیە کە یەکێکی وەک جەلال پەرێشان بەپاسکیلەوە دەچێتە پەرلەمان و سندوقێکی سکاڵای بە دوای پاسکیلەکەیەوە داناوە بەرەو پەرلەمان دەچێت گوایە سکاڵا دەخەنە ناو سندوقەکەوە ئەوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن و لەرێگای یاساو دادگاوە کێشەکان چارەسەر دەکەن. وەکو ئەوەی سکاڵا و خواست و داوکاری هاوڵاتیان شاراوە بێت!!

لەجەلال پەرێشان دەپرسین بۆ دادگاو یاسا ماوە لەکوردستان تا سەربەخۆیی خۆیان هەبێ؟ بۆ بێجگە لە حوکمی میلیشیایی وحیزبی هیچ یاساو دادگایەک هەیە؟ دەپرسم لێپرسینەوە لەکێ دەکەن خۆ دەسەڵات و پەرلەمان حیزبەکان هەموو لەم بارودۆخە بەرپرسن، هەموویان خەریکی تاڵانکردنی سەروەت وسامانی کۆمەڵگەن. بەتاڵان بردنی نەوتی کوردستان لەلایەن حیزب و بەرپرسەکانەوە کەس لێپێچینەوەی کردوە تا لە سکاڵای سندوقەکەی جەنابت لێ پرسینەوە بکەن؟ خۆ دەرخستن بە سواری پاسکیل و وا نیشاندان کە هیچت نییە، من دڵنیام چەند رۆژی تر پاسکیل فرێ دەدەیت و جوانترین مۆدێلی سەیارەت پێ دەبێت، چونکە پەرلەمانەکەتان تەنها بۆ گیرفان پڕ کردنە ئەگینا هیچی تر نییە، خەڵکی کوردستان کێشەی لەگەڵ دەموچاوەکانی پەرلەمانتارانی تۆ و ئەوانی دیکە نییە؟ کێشەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بەرێوەبردنی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەیە کە هی ئەوان نییە، بگرە پەرلەمان دەسەڵات، هی کۆمەڵێک ئەحزابی میلیشیای و عەشیرەتییە کە بێجگە لە گیرفان پرکردن هیچی دیکە ناکات.

جەلال پەرێشان دەیەوێت هەمان سیناریۆی هەڤاڵ ئەبوبەکری بزوتنەوەی گۆڕان بکات کە بە پاسکیلەکەی دەچووە دەوام لەپارێزگای سلێمانی، بەڵام ئێستا دەپرسین هەڤاڵ ئەبوبەکر هەر بە پاسکیل دەچێتە دەوام لەپارێزگای سلێمانی؟ هەموو ئەمانە نمایشی درۆزنانە دەکەن تا بچنە شوێنی پۆستەکانیان دواتر بەگیرفانی پڕەوە بەسەیارەو موچەیەکی زۆرەوە دێنە دەرو چوار ساڵ پارەیەکی خەیاڵی وەردەگرن ودواتر خانەنشین دەکرێن. لەکاتێکدا لە دنیادا شتی وانییە پەرلەمانتار بە چوار ساڵ خانەنشین بکرێت، مەگەرلە پەرلەمانە گاڵتەجارِیەکەی سەرانی کوردو گوێ لەمشتەکانیان ئەمە هەبێت.

مەهزەلەیەکی دیکە ئەوەیە ئەم پەرلەمانتارانە خاوەنی بریاری سەربەخۆی خۆیان نین بگرە بەئیعازی حیزب و بزوتنەوەکەیان لەپەرلەمان پێشنیار دەکەن. کەسایەتیەکی وەک شیرینی هاوسەری رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی چۆتە پەرلەمانێکەوە کە هاوسەرەکەیان لەبەرچاوی دایکە جەرگ سوتاوەکەی تیرۆر کرد، کەچی ئەمرۆ چۆتە ئەو پەرلەمانەو شەرعیەت بەرەوایەتی ئەو پەرلەمانە گاڵتەجاریە دەدات کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەستی هەبوو لەکوشتنی کاوە گەرمیانیدا کە نیوەی پەرلەمان ئەو بەرێوەی دەبات.

دەکرێت لە شیرینی هاوسەری کاوە گەرمیانی بپرسین کە چوویتە پەرلەمان خزمەت بەکام پەرلەمان و بەکام دەسەڵات دەکەیت؟ خزمەت بەو پەرلەمانە ناکەیت کە حیزبێکی سەرەکی تێیدا بەشدارە کە بەرپرسی کوشتنی کاوە گەرمیانی یە؟ دەپرسم پەرلەمانی پێشوو بکوژی کاوە گەرمیانی دۆزیەوە بەسزای یاسایی خۆی گەیاند؟. ئێستا نازانم هاوسەری کاوە گەرمیانی پەرلەمانی یەکێتی وپارتی گەرم دەکات یان بەنیازە لەپەرلەماندا بکوژی کاوە گەرمیانی بۆ بدۆزنەوە، کە دڵنیام هەرگیز بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە ناکەن.

شیرینی هاوسەری کاوە گەرمیانی قوربانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەیە کە ئەمرۆ خۆشی چۆتە نێو پەرلەمان و خزمەت بەو دەسەڵاتە دەکات کە دوورو نزیک پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە نییە تەنانەت لەگەڵ پەرلەمانی بۆرژوازی دنیاش ئەم پەرلەمانە جیاوازی هەیە تەنها حیزب و میلیشیا لەپشتی ئەم پەرلەمانەن و لەئاست خواست وداواکاری خەڵکی زەحمەتکیشدا بێدەنگیان هەڵبژاردوە. لەئاست ئاو کارەبا بێموچەی و بێکاری و لەئاست سەرەتایترین خواست و داواکاری خەڵک هیچ هەنگاوێکی باشی نەناوە، تەنها ئەوە نەبێت هەر چوار ساڵ جارێک کۆمەڵێک دەموچاوی دیکە تێر دەکەن لەپەرلەمانەکەی خۆیان.

هەموو ئەم کردەوانەی پەرلەمانی ئەم جارە بۆتە نارەزایەتی تۆڕە کۆمەلایەتی و میدیاکان کە هەموو پەرلەمانتارێک ٤٩ ملیۆن دینار وەردەگرێت، کەدوای چوار ساڵیش خانەنشین دەکرێت بەبڕی ٦ملیۆن ونیو دینار، ئەم پارە هەڵڕشتنە بۆ پەرلەمانتاران بەمجۆرە بۆتە نارەزایەتی خەڵک بۆیە بەشێک لەپەرلەمانتاران لەبەر کەسایەتی خۆیان و بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوە دەڵێن ٤٩ ملیۆن دینارەکە وەرناگرین یان دەڵێن دەیدەینە نەخۆشخانەی هیوا، وە حاجی کاروانیش دەڵێت ئەو ٤٩ ملیۆن دینارە لیژنەی فتوا حەلاڵی کردوە بۆیە وەری دەگرم، هەر حاجی کاروان نییە بەنیازە بەناوی حەلالەوە ٤٩ ملیۆن دینارەکە وەربگرێت پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێت ٤٩ ملیۆنەکە حەلاڵە. لەم ئیسلامیانە دەپرسم بەکام پێوەر پارەکە بۆ ئێوە حەڵاڵە بە پێوەری مەلاکان و لیژنەی فتواکان کە پارەکەی باش لە دەسەڵات وەردەگرن مانگانە؟ دیارە ئەوان چونکە مشەخۆری دەسەڵاتن هەم بۆ ئێوەو هەم بۆ دەسەڵاتیان حەڵاڵ کردوە. دەڵێم ئەگەر بەپێوەر شەرعەکەی خۆشتان بێت نەک ئەو ٤٩ ملیۆن دینارە، بەڵکو موچەکەی وەری دەگرن لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە موچەی حزبیەکەشتانە هەمووی حەرامەو قوتی خەڵکە، بەس چونکە لەدزیدا شەریکە بەشن گوێ بە حەرام وحەڵاڵ نادەن چی بۆ خۆتان و دەسەڵات حەڵاڵ بوو دەیکەن هەرچیش بەدڵتان نەبوو حەرامی دەکەن، وەکو چۆن یاری پۆبچی حەرام دەکەن بەس ٤٩ ملیۆن دینارو موچەی ئەحزاب حەڵاڵە بۆتان کە قوتی خەڵکی کوردستانە.

پەرلەمان و پەرلەمانتاران هیچ پەیوەندیەکی نییە بەژیان وگوزەرانی خەڵکەوە، وە لەپەرلەمانیش هیچ بریارێکی بەقازانجی خەڵک نییەو پەرلەمانتارانیش هیچ ئالوگۆرێکیان پێ ناکرێت گەرچی ئەگەر هەندێکیان جاروبار باسی ژیان و گوزەرانی خەڵک بکەن، چونکە دوو حیزبی حاکم بەزەبری چەک حوکم دەکەن و پەرلەمانەکەشیان بریارێک دەرناکات بە قازانجیان نەبێت و بگرە پارتی ویەکێتی زۆرینەن ئەوان هەرگیز دەنگ لەسەر پرۆژەیەک نادەن کە تێیدا زەرەرمەند بن. هەربۆیە تەوەهومە بەدیار چاوەڕوانی ئەم پەرلەمانەو ئەندام پەرلەمانەکانەوە دانیشین، خەڵکی نارازی کرێکاران وزەحمەتکێشان دەبێت لەدژی پەرلەمان پەرلەمانتاران و دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی بێنە مەیدان وخەباتی سەراسەری یەکگرتوانە رێک بخەن بۆ لابردنی ئەم دەسەڵات و سیستەمە کە بێجگە لە نەهامەتی هیچی دیکەی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێناوە. ئەم دەسەڵاتە ناعادلانەیە ٤٩ ملیۆن دینار دەداتە هەر پەرلەمانتارێک کەچی لەولاوە ڕوبعە موچە دەداتە موچەخۆران و دەشڵێن پارەو داهاتمان نییە ئاخر ئەمەیە دەسەڵاتی ناعادلانە کەئێمەو خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان لێی نارازین ...

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی شوان عەزیز و ئاراس ڕەشید

**کۆماری ئیسلامی ئێران کرێکاران دەخاتە زیندانەوە لەسەر ئەوەی داوای هەقدەستە پێنەدراوەکانیان دەکەن!**




دادگای ئێران سزای زیندانی و شەلاق کردنی سەپاند بەسەر ١٥ کرێکاری سەر بە کۆمپانایای هیپکۆ بەهۆی بەشداری کردنیان لە مانگرتنەکاندا!

لقی ١٠٦ ی دادگای ئاراکی تایبەت بە تاوانباران سزای زیندانی لە یەک ساڵەوە بۆ دوو ساڵ و نیو، هەروەها لێدانی ٧٤ شەلاق سەپاند بەسەر ١٥ کرێکاری سەر بەکۆمپانیای هیپکۆ.

ئەو سزا زیندانیەی کرێکاران بە وتەی دادگا لەوەوە هاتووە؛ کە ئەو کرێکارانە بوونەتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی، و هەروەها هانی کرێکارانیان داوە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی سۆشیال میدیا و ئەنتەرنێتەوە کە مانبگرن و خۆپیشاندان ئەنجام بدەن لە ئایاری ڕابردوودا .

جێگەی باسە کرێکارەکانی کۆمپانیای هیپکۆ بەبەردەوامی مانگرتن و خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن کاتێک کە کرێکانیان دوابکەوێت یاخوود پێیان نەدرێت. هەروەها مانگرتنیان ئەنجامداوە لەبەرنەبوونی سەلامەتی کارو یاساکانی تەندروستی لەسەرکار. هەروەها خراپی بەڕێوەبردن و خراپی و نەشارەزایی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە وای کردووە کە ڕێژەی ئەندازیارانی لێوەشاوە و تایبەتمەند بەرەو کەم بوونەوە بڕوات. بۆ نممونە لە لە ٨ هەزار ئەندازیارەوە هاتۆتەخوار بۆ یەک هەزار.

جێگەی باسە کە ئیتیحادیە و سەندیکانی ئێران پێیان وایە ئەو کاردانەوەیەی کۆماری ئیسلامی بەزیندانیکردنی کرێکارانی کۆمپانیای هیپکۆ وەک ئاگاداریەک وایە بۆ کرێکاران کە دەست نەبەن بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان!

کۆمپانیای هیپکۆ کۆمپانیایەکی ئێرانیە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنان و دروستکردنی کەلوپەل و ئامڕازە قورسەکانی دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبان لە ئێران و ڕۆژهەلاتی ناوین. ئەو کۆمپانیایە لەساڵی ٢٠٠١ درایە سێکتەری ئەهلی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە هێنرایەوە نێو سێکتەری گشتی. بەڵام ساڵی پار دیسان درایەوە بە سێکتەری تایبەت.

**کرێکاران و ستافی دادگایەک لە نیوزلەندا دەست دەدەنە ناڕەزایەتی و مانگرتن!**

بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی جەستیس گۆڤەرمەنت کە ماڵپەڕێکی ڕەسمی دەوڵەتییە، هەروەها ئۆنتاگۆ دەیلی نیوز، کرێکاران و ستافی دادگای ناوچەی دویدین دەست دەکەن بە ناڕەزایەتی دەربڕین و پڕۆتێست.

ئەو مانگرتنەی کرێکاران و ستافەکەی دادگا بەشێکی لەپێناوی باشترکردن و زیادکردنی کرێکانیاندا بووەو بەشێکی تریشی، بە پێی لێدوانی جێگری دادوەری تاوانەکان، لەبەر کەڵەکەبوون و زیادبوونی گرفتەکانی ناو دادگادا بووە. دەورووبەری ٣٠ کەس لە کرێکاران و ستافی دادگاکە و کەسانێکی تریش کە پشتگیری داواکانیان دەکرد بەشداری ئەو مانگرتنەیان کرد. ئەو مانگرتنە بەشێکیش بوو لەکاری پیشەسازی نیشتیمانی کە بەدوای هەوڵێکی شکستخواردووی وەزیری داددا هات، کە دەیەویست فەرمانی دادوەری بەدەست بهێنێت لەدژی ئەنجومەنی خزمەتگوزاری گشتی کارەبا.

جێگەی باسە کە ئەو جۆرە مانگرتنانە لە مانگی سێپتەمبەرەوە بەردەوامیان هەیە وەک بەشێکیش لە کاری پیشەسازی نیشتیمانی. هەروەها لە لایەکی تریشەوە وەزارەتی داد پێشنیاری پێدانی ٧٥٠ دۆلارو زیادکردنی ٦٪ موچەی بۆ کرێکارەکان و ستافی دادگاکە کردووە، بەڵام لەلایەن ئەوانەوە ڕەتکراوەتەوە. کرێکاران و ستافی دادگاکە داوای زیادکردنی ١١٪ ی موچەکانیان دەکەن.

ئەو مانگرتنە لەلایەن چەندین ئیتیحادیەو سەندیکاوە پشتگیریان بۆ ڕاگەێنراوە. بۆ نموونە لەلایەن فێرست یونیەن و تڕاموەیز یونیەن.

**کرێکارانی کۆمپانیای شەکری حەوت تەبەق لە ئێران دەست دەکەنەوە بە مانگرتن!**

بە پێی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕی تایبەتی شەهروخ زەمانیدا بڵاوکراوەتەوە، کرێکارانی قامیشی شەکری حەوت تەبەق دیسان دەستیان دایەوە خۆپیشاندان و مانگرتن.

ئەوەی کە جێگەی باسە کرێکارانی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی شەکری حەوت تەبەق چەندینجار خۆپیشاندان و مانگرتنیان ئەنجام داوە و چەندین داواکاریان پێشکەش بە دەسەڵاتداران کردووە کە پەیوەستن بە زیادکردنی کرێ و باشترکردنی بارودۆخی کارو سەلامەتی و تەندروستی سەر کار.

لە مانگی هەشتی ڕابردووی ئەم ساڵدا، لە خۆپیشاندان و مانگرتنێکدا کە ئەو کرێکارانە ئەنجامیاندا، فشارو تینێکی کاریگەریان بۆ دەسەڵاتدارانی پەیوەست بەو کۆمپانیایە هێنا. هەر بۆیەش دەسەڵاتداران بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکاریەکانی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایەیاندا.

کرێکارەکان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە داواکاریەکانیان بەرزکردەوە و مانگرتنەکانیان ڕاگرت، و چاوەڕێی وەڵامی ئەرێنی دەسەڵاتداران بوون، بەڵام تاکو ئێستاش دەسەڵاتداران وەک پیشەی هەمیشەییان هیچ کام لە داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکردووە.

ئەوەی کە جێگەی ئاماژەیە و هەڵوێستە لەسەرکردنە ئەوەیە؛ کە کرێکارەکان دوای ئەوەی کە بێ هیوا بوون لە دەسەڵاتداران، بڕیاری دەست پێکردنەوەی مانگرتنەکانیاندا. وا بۆ ڕۆژی سێیەم دەچێت کە کرێکارەکان لە مانگرتن و خۆپیشانداندان. و دەسەڵاتدارانیان تێگەیاندووە کە ئەوان چاوەڕێ دەکەن تاچەند ڕۆژێکیتر و ئیتر خۆپیشاندانەکانیان دەبەنە قۆناغێکی ترەوە.

**کرێکارانی سەر بە میوانخانەکان لە سەرتاسەری جیهاندا جەخت دەکەنەوە لە خەباتیان لە پێناوی مافەکانیاندا !**

ئەو کرێکارانەی کە لە ناو میوانخانەکاندا کاری



پاکردنەوەو هەندێک کاری ناوخۆیی ناو میوانخانەکان دەکەن، لە هەفتەی چالاکی و کاری جیهانی پێنجەمدا جەخت لەسەر خەباتیان بۆ مافەکانیان دەکەنەوە لەناو سەندیکای جیهانی( ئای یو ئێف) دا.

ئەو کرێکارانە دەیانەوێت لە ڕێگەی سەندیکاکەی خۆیانەوە دوپاتی داواکارییە هەمیشەییەکانیان بکەنەوە کە خۆی دەبینێتەوە لەچەند داواکاریەکی هەمیشەیی لە وانە:

کرێ و هەقدەستێکی شیاو، دڵنیایی لە بەردەوامی کارەکانیان، سەلامەتی شوێنی کارەکانیان، لێپێچینەوە و سزادانی ئەوانەی گێچەڵی سێکسی ئەنجام دەدەن و هەروەها نەهێشتن و قەدەغەکردنی گێچەڵی سێکسی بە هەموو شێوەکانیەوە کە تووشی کرێکارە ژنەکان دەبێتەوە لە ناو میوانخانەکاندا.

جێگەی باسە؛ کە ئەم ساڵ لە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهاندا سەندیکاکانی سەر بە کرێکارانی میوانخانەکان تەواوی داواکاریەکانیان ئاراستەی گەورەترین کۆمپانیای میوانخانەکان لە جیهاندا کرد.

هەروەها ئەندامەکانی سەر بە سەندیکای جیهانی ئای یو ئێف ویستیان لە هەفتەی جیهانی کاردا ئەوە وەک نمایشێک پیشان بدەن بۆ هاوکاری و هاوپشتی و پشتگیری بۆ ئەندامە مانگرتووەکانی سەندیکای یونایتد هیەر لە کۆمپانیای ماریۆتی میوانخانەکان لە ئەمەریکا.

لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا کرێکارەکان چەندین خۆپیشاندان و چالاکی جۆربەجۆریان ئەنجامدا، وەک وۆرک شۆپ و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک و ئەندامەکانی سەندیکاکان لە زۆرێک لە وڵاتەکان، بۆ نموونە لە فیلیپین، ئیندۆنیسیا، کەمبۆدیا، بەرازیل، ئەرجەنتین و سویسرا بۆئەوەی تەواوی خەڵک ئاشنا بن و هەروەها ئاگاداری ڕەوشی ئەو کرێکارانە بن کە لە میوانخانەکاندا کاردەکەن.

تێبینی: ئای یو ئێف سەندیکایەکی کرێکاری جیهانیە کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

ئیتیحادیەی جیهانی بۆ خۆراک، کشتوکاڵ و توتن، میوانخانەکان، چێشتخانەکان، هەروەها چەندین کۆمەڵەو سەندیکای هاوپەیمانی جیهانی تر لەو بوارەدا.

**مانگرتنی کرێکارانی پۆست و بەرید زوربەی شارەکانی کەنەدا دەگرێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دانوستان و گفتوگۆ بەردەوامە!**




لە زوربەی شارو پارێزگاکانی کەنەدادا، کرێکارانی پۆست و بەرید دەستیان دایە مانگرتن و بۆ چەند ڕۆژێک کارەکانیان ڕاگرت. کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا ئەوە یەکەم جاریان نییە کە مانگرتن دەکەن، بەڵکو هەمیشە و زۆر بە کەمی دەبینرێت کە ساڵێک تێپەڕ ببێت بێ بوونی مانگرتنی کرێکارانی پۆست و بەرید لە کەنەدا.

ئەم جارەیان بە پێی هەواڵێکی تەلەفزیۆنی سی تی ڤی کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا لە ئۆکتۆبەری ٢٢ وە لە پارێزگاکانی ڤانکۆڤەر، ئەدمینتن، ئەڵتا، ئۆنتاریۆ، کویبێک و چەندین شارو شارۆچکەی کەنەدا مانگرتنیان دەست پێکردو کارەکانیان ڕاگرت.

وتەبێژی پۆست و بەریدی کەنەدا لە وتەیەکیدا دەڵێت: " ڤانکۆڤەر بریتیە لە کلیلی شارو پارێزگاکانی تری کەنەدا لە بواری پۆست و بەریداو هەر ئەو شارەشە کە بووەتە مەڵبەندی هینان و بردن و دابەشکردنی پۆستەکان بە هەموو شێوەکانیەوە. بۆیە مانگرتنی کرێکارەکانی پۆست و بەرید لەو شارەداو پەڕینەوەی بۆ شوێنەکانی تری کەنەدا بە دڵنیایەوە تەئیسیرێکی خراپ دەکاتە سەر بواری پۆستەو بەریدو وەدواکەوتن دروست دەبێت. بۆیە دەبێت خەڵک بە گشتی چاوەڕێی وەدواکەوتنی پۆستەکانیان بکەن".

یەکیەتی کرێکارانی پۆستەو بەریدی کەنەدا دەڵێت ئەوە بۆ دوو خول دەچێت و دوای ١٠ مانگ لە دانوستان و گفتوگۆ نەگەیشتونەتە هیچ ڕێکەوتنێک لەگەڵ دەسەڵاتی پۆست وبەریدی کەنەدا.

لە ئۆکتۆبەری ٢٢ دا بەپێی ڕاگەیاندنی پۆست و بەریدی کەنەدا لە زیاتر لە ١٥٠ شوێن و شارو شارۆچکەی کەنەدادا مانگرتن کراوە.

بە پێی وتەی یەکیەتی کرێکارانی پۆست و بەریدی کەنەدا ئەوان دەیانەوێت کە کرێکاران نابێت لە هەشت کاتژمێر ڕۆژانە زیاتر کاربکەن و ئەوەش لە هەفتەیەکدا دەکاتە چل کاتژمێر.

مانگرتنی ئەمجارەیان بەشێوەی نۆرە ڕێکخستووە، واتە هەر هەفتەیەی چەند ناوچەیەک، چونکە ئەو یەکێتیە بەسەر ٢٠٨ ناوچە لەسەرتاسەری کەنەدا دابەشکراوە.

شایانی باسە بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی ٥٤٠٠٠ کرێکاری ئەندام لەخۆدەگرێت و بە ڕادیکاڵترین یەکێتیەکانی کەنەدا ئەژمار دەکرێت.

# بۆپێشەوە ساڵیادی هاوڕێ گوڵزار ناسراو بە( گوڵە)، ڕابەری کرێکاری کارگەی ئەلبیسەی سلێمانی و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دەکاتەوە...

**لەم یادەدا ژیاننامەی هاوڕێ گوڵزار و دیمانەیەکمان لەگەڵ هیوا جەمیل و شەوبۆ غەریب سازداوە، کە لەخوارەوە دەیخوێننەوە..**

ئامادەکردنی/ ئاراس ڕەشید



**بۆپێشەوە: ساڵێک تێدەپەرێت بەسەر گیان لەدەستدانی هاوڕێ" گوڵزار حەمە ڕەفیق " تۆ وەک هاوژین و هاوڕێی نزیکی سیاسی، ڕۆڵی ئەو لەبارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی چۆن هەسەت پێدەکەی؟ نەخش و جێ دەستی ئەو چۆن دەبینی؟.**

**هیوا جەمیل:** سەرەتا پێش ئەوەی جوابی ئەو پرسیارەی ئێوە بدەمەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەهیوام بتوانم بەشێکی زۆر کەمیش بێ دەربارەی ئەو هەموو کارو چالاکی سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کە ئەم ژنە لە ماوەی ژیان کردنیدا لە هەڵسوڕان و بردنە پێشەوە و دەستگیرۆیی و ڕێنوێنیکردنی هاورێ و دۆست و ئازیزانیدا لەم فرسەتە کەمەدا بۆ خوێنەرانی بۆ پێشەوە بخەمە ڕوو. هاورێ گوڵزار هەر لە تەمەنی لاوێتیدا واتە پاش تەواو کردنی سێی ناوەندی لەبەر هەلومەرجی ئابووری خانەوادەکەی بەناچار وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی بەکارکردن کردووە لە کارگەی ئەلبیسەی سلێمانی. هەر لەبەرئەوەی کەسێکی زۆر ووریا و جدی بووە پاش ماوەیەکی کورت لە بەشی کواڵتی کۆنتڕۆل کاری کردووە. گوڵزار کەسێکی روو خۆش و کۆمەککەر و خۆنەویست بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتی کارکردنی لە ئەلبیسە لە نێو کرێکاران و کارمەندانی کارگەدا، بوو بە سیمایەکی خۆشەویست کە تەواوی هاوکاران و هاورێیانی دەبنە نزیکترین کەسانێک کە متمانەی خۆیانی پێ دەدەن. گوڵزاریش باوەشی خۆشەویستی خۆی بەبێ هیچ دوودڵییەک بۆ بەشداریکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و رێنوێنی کردنیان ئاوەڵەکردبوو، لە هەر داواکارییەکی کرێکاران و کارمەندانی کارگەدا گوڵزار بێ هیچ ترس و خۆفێک لە پێشی پێشەوە کرێکاران و کارمەندان بووەو رووبەرووی بەرێوبەر و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی کارگەی ئەلبیسە بۆتەوە .

دیارە کارو هەلسورانی سیاسی گولزار لە دوای راپەرینی ١٩٩١ دا بەرجەستە دەبێتەوە، گوڵزار لە نێو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و شورا، و بڕوابوون بە ڕێکخراوبوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە حزبی خۆیاندا دەوری بەرچاوی هەبووە، ئەو یەکێک بووە لە بنیات نەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عراق و شورای ئەلبیسەی سلێمانی و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان.

گولزاری ئینسان دۆست، خۆنەویست، بەخشندە، پراو پر لە جوانی و رووخۆش لەگەڵ هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە شوێنی کار و ژیان و لە کارو هەلسوڕاندا لەگەڵ ئەم ئینسانەدا بووبن هەستیان بە ماندوونەناسی وشێلگیری ئەم کردووە، شەو رۆژی خستبووە سەریەک، لە هیچ شوێنێکدا نەیزانیوە دانیشتن مانای چییە، بەردەوام خەریکی هەڵسوڕان و کاروباری حزب و رێکخراو و ئیشی ناو ماڵ و ئیشی دەرەوە، بەردەوام کۆڵەکەیەکی قایم و پتەو بووە بۆ خێزان و خزم و هاوکاران و هاوسێ و هاورێیانی. هەر کەسێ کە هاتووچۆی گوڵزاری کردبێ لە ماڵەکەیدا بووبێ هەرگیز هەستی بەوە نەکردووە کە ئەوە ماڵی خۆی نییە.خۆشەویستی ئەو بۆ منالاّن بێ وێنە بوو، ئەو هەموو منالاّنی وەک کورە تاقانەکەی خۆی خۆشدەویست. ئەمە جگە لەوەی کە بە هەموو ئازارو نەخۆشیەکەوە کە هەیبوو، پێم وانییە بۆ جارێکیش ئەو ئازار و نەخۆشییەی ئەو رێگر بووبێ و لە کارو هەڵسوڕانی وپیشاندانی خۆشەویستی وکۆمەکی بۆچواردەورەکەی. ئەو بە کردەوەکانی پیشانی داین کە ئینسان دۆستی کۆمۆنیستی چییە.

ئەم رەوشتانەی گوڵزار بەردەوام هاندەر و رێخۆشکەر بوون کە من بتوانم بە پشتیوانی ئەو کارو هەڵسوڕانی حزبیم زۆر شلێگیرانەتر و بە شێوەیەکی باشتر بەرێوەبەرم. هیچ کاتێ من هەستم نەکردووە کە بە هۆی زۆری کاری حزبیم بەتایبەت لە کوردستان گوڵزار بۆ جارێکیش نارەحەت بووبێ. هەموو کاتێ خەمی من و هاورێکانمانی بووە و بۆیە بەردەوام هەستم کردووە ئەو پارچەیەکە لە خۆم و لە بزوتنەوەکەم.

بەرزو بەرێزبێت ساڵیادی گوڵزار و گوڵزارەکان...

**بۆپێشەوە :ساڵێک تێدەپەرێت بەسەر گیان لەدەستدانی هاورێ گوڵزار حەمە ڕەفیق؛ وەک کەسایەتیەکی خۆشەویست لە ناو هاورێ و دەوروبەری خۆی، شوێن و مەکانەتی کۆمەڵایەتی هاورێ گوڵزار چەندە دیار بوو؟**

**شەوبۆ غەریب:** هەرلەگەڵ یادکردنەوەی هاورێ گوڵزاردا؛ خۆشەویستی، وەفا، دڵسۆزی، یارمەتی، سۆز...تاد، هەرچ شتێ جوانە بیرمان دەکەوێتەوە! گوڵزار ئینساندۆست بوو، خۆنەویست بوو، هەموو خۆشیەکی لەگەڵ بەش ئەکردین. لەهەمو ناخۆشیەکانماندا پشت وپەنامان بوو. گوڵزار خۆشەویستی هەموان بوو، هەتا بڵێی کەسایەتیەکی مەحبوب و دڵپاک بوو. بۆیە دەڵێم هەرچەند وەسفتکەم هێشتا هەر کەمە! جێگات زۆر دیارە ئازیزەکەم، هەردەم یادگاریەکانت جێگای خۆشحاڵیمە. دووریشت هەستێکی زۆر بە ئازارە. هەموو رۆژ و هەموو دەم بیرت ئەکەم هاورێ گیان.

## ژیاننامەی هاوڕێ گوڵزار

گوڵزار حەمە ڕەفیق عارف، لە ڕۆژی ١٧/١١/ ١٩٦١ لە گوندی دێلێژەی قەرەداغ لە دایک بووە. سەرەتای منداڵی لەو گوندە دڵگیرە بەسەردەبات و پاشان ژیانی لە گەڵ خێزانەکەیدا دەگوێزێتەوە شاری سلێمانی. لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەستدەکات بە خوێندنی سەرەتایی, پاشان خوێندنی ناوەندی دەستپێدەکات. لەبەر ژیانی کولەمەرگی و نەهامەتی خێزانەکەی، ناچار دەبێت لە دوای تەواکردنی پۆلی سێی ناوەندی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و شان دەداتە بەر کارکردن و کرێکاری.

هاورێ گوڵزار وەک بەرپرسێکی چاودێریکردن و بەخێوکردنی خێزانێک شاندەداتە بەر کارکردن لە کارگەی جلوبەرگی سلێمانی (ئەلبیسە)، لە هەلومەرجێکدا کە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە بێبەش بووە لە نازی باوکایەتی، و باوکی زوو بەکارەساتی نەخۆشی گیانی لەدەستداوە. تەنها برا گەورەکەی کاک مەجید دەمێنێت بۆ بەخێوکردنی خێزانەکەیان، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی نالەبار و شەڕی ئێران و عێراقەوە، کاک مەجید ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی کار وژیان بەڕێوەبەرێت، بە ژیانی پڕ مەترسی فیراری لە شاری سلێمانیدا، ئەو ئەرکە قورسە بۆ گوڵزار بەجێ دەهێڵێت.

هاورێ گوڵزار، لەبەرامبەر ئیدارەی ئەلبیسەی سەردەمی بەعس، بۆ بەرزکردنەوەی داواکاری کرێکاران لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتی دەبێت. بەبێ ئەوەی ئەندامی گروپ و ڕێکخراوی کرێکاری سەردەمانی بەعس بێت، بەڵام هەمیشە لە پەیوەندی ناڕاستەوخۆ بووە لەگەڵیان.

هاورێ گوڵزار لەپاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ی کوردستان، دەبێتە هەڵسوراوێکی چالاک و ماندوونەناسی دەستە و کۆمیتەکانی دوای راپەڕین و پاشان لەگەڵ هاوڕێکانی کۆبونەوەی گشتی کرێکارانی ئەلبیسە و شورای ئەلبیسە دەکات و سەرەتای کارکردنی لەم شورایەدا زۆر بەشۆڕوشەوقەوە دەبێت. لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە دەستەو گروپی پارێزگاریکردن لە کارگە دروستدەکات و پاشان هەڵدەبژێردرێت بۆ نوینەرایەتی شورای کارگەی ئەلبیسە. هەر لەدرێژکراوەی کاری ڕێکخراوەییدا لەگەڵ هاورێیانی ناوکارگە تواتی دەستەی کرێکاری دروستدەکەن. لەگەڵ ئەم هاورێیانە(سامان کەریم و هاورێ فاروقی ئەلبیسە، ئەمیرە ،سروە ،دیمەن،تانیا، هەروەها هاورێ و خوشکی چیمەن و چەندین هاورێی کرێکاریتری)، و چەندین بەیاننامە و ڕاگەیاندنی داخوازی و هەفتەنامەی کرێکارانی ئەلبیسە دەردەکەن و بڵاودەکەنەوە بەناو کرێکارانی کارگە و شاری سلێمانیدا.

هاورێ گوڵزار، شانبەشانی هەڵسوڕانی کرێکاری لەناو کارگەکەی خۆیدا، کاتێک ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە سلێمانی دروست دەبێت، ئەو یەکێک دەبێت لە بنیات نەرانی و هەڵسوڕاوی ئەو ڕێکخراوە و بێ سڵەمینەوە لە بەرامبەر نایەکسانی جێگەوڕیگەی ژنانی کوردستان دەکەوێتە چالاکی و هەڵسوڕاوی لێبڕاوانە بۆ ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستان.

پاشان لە دوای ڕاپەڕین و ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستان، هاوڕێ گولزار، پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە لە ئاوارەیی و گەڕانەوەی بۆ ناو کارگە، دیسانەوە بۆ زیندووڕاگرتنی خەبات و نارەزایەتی کرێکارانی ئەلبیسە لەگەڵ هاورێکانی دەست دەدەنەوە ڕێکخستنی کرێکاران و دەرکردنی هەفتەنامەی(شورای ئەلبیسە). بەشدار دەبێت لە کاروچالاکی بۆ ڕێکخراوی بێکاران و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و هەر بە شۆڕوشەوقی کاتەکانی ئازاری ١٩٩١ دەست دەکاتەوە بە هەڵسوڕانی چالاکانە و ماندوونەناسانە درێژە بەخەباتی کۆمۆنیستی دەدات. لە شاری سلێمانی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە هەڵسوڕاو کۆمۆنیستانە، یەکێک دەبێت لەئیمزاکەرانی دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و پاشانیش دەبێتە ئەندامێکی هەڵسوڕاوی ئەو حیزبە.

هاورێ گوڵزار، لە سەرەتای هەڵسوران و کاری حیزبیدا بێماندووبوون لە سەرجەم مەراسیم و ئاکسیۆن و خۆپیشاندانەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ڕۆژی ژنان و یەکی ئایار و یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سەرجەم کۆبوونەکانی کرێکاران لە کارگەی ئەلبیسە، بەشداری بەرچاوی دەبێت و دەبێتە هەڵسوڕاوی خۆشەویست و بەرچاوی ناو کرێکارانی کارگە.

لە ( ١٢/٨ /١٩٩٣ ) دا لەگەڵ هاورێ هیوا جەمیل، ژیانی هاوسەری پێک دەهێنن، و پاش دوو ساڵ، یەکەمین و تەنها کوڕیان دەبێت کە تۆلازە. وە لەگەڵ دەستپیکردنی ژیانی خێزانی لەگەڵ هاورێ هیوادا ژیان و هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی و کرێکاری هاورێ گوڵزاریش دووبارە شێلگیرانەتر دەبێت. دەبێتە هاوبەش و یارمەتیدەری هاورێ هیوا لە کاری حیزبی. ماڵی گوڵزار، هەمیشە ماڵی بەشێک بووە لە کۆبونەوەکانی رابەران و هەڵسوراوانی حیزبی و...

بۆ لاپەڕە١٣



# دیمانە لەگەڵ...وەستا کەمال سەبارەت بە چۆنیەتی گیران و بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی ڕژێمی بەعس

**سازدانی: ئاراس ڕەشید**

**تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان، لە پێناو دنیایەکی باشتر و دامەرزاندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا، مێژوویەکی درەوشاوەیە... لەو ڕێگایەدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەستداوە، یان لەلایەن جەلادەکانی بەعس و پارێزەرانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدارییەوە، توشی ڕاوەدونان و گرتن و شکنجە بوونەتەوە... بۆپێشەوە بە مەبەستی ناساندنی ڕۆڵی تیکۆشەرانەی ئەو کۆمۆنیستانەی لەلایەن بەعسەوە گیراون، ئەم تەوەرەتایبەتییەی کردۆتەوە... کەهەر جارەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک لەو هاوڕێیانە دەکات، کە زیندانی کراون... لەم ژمارەیەدا دیمانەیەک لە وەستا کەمال دەخوێننەوە...**

زۆر سوپاس بۆ بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە؛ من هەوڵ ئەدەم بەپێی توانای خۆم و ئەوەندەی بیرم ماوە جوابی پرسیارەکان بدەمەوە...

**بۆپێشەوە: سەرەتا پێمان خۆشە خۆتان بناسێنن؟**

**وەستا کەمال:** من ناوم کەمال حسن فەرەج ە، ناسراو بە(وەستا کەمال)ئێستا لەوڵاتی نەرویج ئەژیم.

**بۆپێشەوە: ئێوە لەگەڵ چ لایەنێکی سیاسی بوون، بۆ گیران و چۆن گیران؟**

**وەستا کەمال:** من کادرێکی فەعالی ڕەوتی کۆمۆنیست بووم، و کاری سیاسیم بۆ ڕەوتی کۆمۆنیست ئەکرد. لەسەرەتای ساڵی١٩٨٦وە پەیوەندیم کرد بەڕەوتی کۆمۆنیستەوە، لەرێگەی هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفەوە. وەکو باسمکرد، من لەسەر ڕەوتی کۆمۆنیست گیرام، تا ئێستاش هەر کۆمۆنیستی کرێکاریم.

**بۆپێشەوە: لەکوێ گیران و ماوەی چەند زیندانی بوون؟**

**وەستا کەمال:** من ڕۆژی ٦/٩/١٩٨٦ دەستگیرکرام لەشوێنی کارەکەم گەراجێکی فیتەریم هەبوو لە جادەی قەنات. کاتێ سەیارەیەکی لاندکرۆزەر پڕی بوو لە قوەخاصە، بەفێڵ هاتنە ژوور بۆ ناو گەراجەکە، وا خۆیان پیشاندا کە گوایە سەیارەکەیان شکاوە و هاتوون بۆ چاککردنەوەی. کاتێ منیان بینی یەکسەر قۆڵیان گرتم و خستیانمە ناو لاندکرۆزەرەکە، و بەجیهاز پەیوەندیان کرد بەمدیریەتی ئەمنەوە کە منیان گرتووە. دوای ئەوە منیان برد بۆ مدیریەتی ئەمن واتە ئەمنە سورەکە. ئەو ئەمنانەی کە منیان گرت دووانیانم ئەناسی؛ چونکە پێشتر سەیارەم بۆ چاکردبونەوە. زۆریان پێ سەیر بوو کەمن سیاسیم و لەگروپێکی سیاسیدا کار ئەکەم. لە ٨ ی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دووەم ڕۆژی ڕاپەڕین من ئازاد کرام کاتێ دەرگای ئەمنە سوورەکەیان شکاند.

ڕۆژی ئازادکردنمان ٨ ی ٣ی ١٩٩١ بوو کاتژمێر٣ی دوای نیوەڕۆ بوو. بابڵێین دووەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکە بوو. کاتێ هەموو ئەمنەکانیان کوشت خەڵک بەچەکەوە دەرگای زیندانیەکانیان شکاندو ئێمەیان ئازاد کرد. بەڕاستی ئەو ڕۆژە دیمەنێکی زۆر سەیر بوو! هەموومان پەشۆکابووین! لە مێژووی کوردستاندا ئەمە یەکەم جار بوو ڕاپەڕینی ئاوا ڕوووبدات. لەدایک بوونەوەیەکی تر بوو بۆ ئێمە. سەرەتا ئەمان زانی ڕاپەڕین بەڕێگاوەیە، کاتێ زیندانی تازە ئەگیرا بارودۆخی دەروەیان بۆ باس ئەکردین و کەم تا زۆر ئاگامان لەدەرەوە بوو. بەڵام دڵنیا نەبووین کەخەڵک بەو جۆرە عەزیمە سەرکەوتن بەدەست ئەهێنن! ئەو حیزبی بەعسەی کە بەدرێژایی چەندین ساڵ لەسلێمانی قەتڵ عامی ئەکرد، هەزاران خەڵکی ئاخنیبووە کونجی زیندانەکانەوە! ئەو ئەمنە سوورەی کە ترسناکترین شوێن بوو بۆ خەڵک؛ بەڵام بەپشتیوانی و یەکگرتنی نارەزایەتی خەڵک، لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئاسەواریان نەما! بۆیە من پێم وایە ئیرادەی خەڵک ئیمکانی ئەوەت ئەداتێ ژیانێکی باشتر بۆ کۆمەڵگە دابین بکەیت و دەسەڵاتی سیاسی بگریتە دەست. زیندانیەکان نزیکەی ٢ ڕۆژ بوو هیچ نانیان پێنەدرابوو. برسێتی هەراسانی کردبووین، لەکونی پەنجەرەکانەوە ئەمان بینی کە لەدەرەوە چی ئەگوزەرێت. هەم لەلایەک زۆر خۆش حاڵ بووین، لەلایەکی تریشەوە ئەترساین! بێن ڕەمیمان کەن. خۆ پلانیان هەبوو بمان بەن ڕەمیمان بکەن یان بمان کەن بەبارمتە و خۆیانی پێ ڕزگار بکەن. بەڵام شەپۆلی ڕاپەڕینی قین لەدڵی خەڵکی کوردستان دژی فاشیزمی حیزبی بەعس مەجالیان نەدان بپرژێنە سەر ئێمە.

**بۆپێشەوە: دۆخی ناو زیندان چۆن بوو، مەبەستمان ئەوەیە جۆری لێدان و شکنجەو لێپرسینەوە چۆن بوو؟ پەیوەندیتان لەگەڵ زیندانیەکانیتر چۆن بوو؟**

**وەستا کەمال:** حکومەتی بەعس؛ یەکێک بوو لەو ڕژێمانەی کە مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەبوو لە جۆری تەعزیب و ئەشکەنجەدان. زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە خەڵکی سیاسیان ئەشکەنجە ئەدا. ئەتوانم بڵێم سەدان ئینسانی تێکۆشەر لەژێر ئەشکەنجەی ئەو دڕندانە گیانیان لەدەستداوە، یان سەقەت بووە. جۆری ئەشکەنجەدانی ئەمنەکان لە ئەمنە سوورەکە (کارەبا لێدان، هەڵواسین، شەق و زلە، کێبڵ) و ئەم جۆرە ئەشکەنجانە هەبوون. سجن نەبووە پڕ نەبێت لەخەڵک لەسەر دژایەتیکردنی حکومەتی بەعس دەستگیر کرابوون، یان فیرار(هەڵاتووی سەربازی) بوون، یان سیاسی بوون.

هەروەها دوو جار سەعات ١٢ی شەو منیان خستە ناو سەیارەیەکەوەو بردیانم بۆ سەرشەستیەکە لای مەیدانی دارەکە لەدەباشان، لەسەیارەکە منیان دەرهێنا و میلی کلاشینکۆفیان لێهێنامەوە وتیان ئەتکوژین ئەگەر ئیعتراف نەکەیت؟ وەکو باسم کرد؛ ئەمنەکان دەیان فێڵ و پلانی ئەشکەنجە دانیان هەبوو، بەتایبەت ئەشکەنجەی دەروونی. هەروەها ئەو سجنانەی کەتازە ئەگیران دوو سێ شەو لەدەرەوە بەمحەجەرەکانەوە ئەیان بەستنەوە لەو سەرمایەی زستاندا، لەژێر قادرمەکاندا، پاشان ئەیان بردن بۆ ژووری ئینفرادی ( تاکەکەسی)، هەندێک جار چەندین مانگ لە ئینفرادیا ئەیانهێشتیەوە. کاتێک ئەیان بردین بۆ تەعزیب هەر لەدوورەوە بەدەنگی زنجیری کلیلەکان ئەمانزانی کە دێن یەکێک ئەبەن بۆ تەعزیب. زنجیرێکی گەورەیان لەکلیلەکان بەستبوو، بۆئەوەی دەنگی بێت وەکو ئەشکەنجەدانی دەروونی. ئەو کەسانەی کەلەژووری ئینفرادیدا ئەمانەوە؟ بارودۆخیان زۆر ناخۆش بوو، ژوورێکی بچووک تەنیا کونێکی ساحیبەی تێدا بوو، لەو کونەوە سەیری جادەی کارێزە وشکم ئەکرد کەسەیارەکان هاتوچۆیان ئەکرد بۆ باری دەروونی من زۆر خۆش بوو. لە ژوری ئینفرادیەکەدا سەتڵێکیان دابوینێ کە میزی تێدا بکەین، سەتڵێکی تریش بۆ خواردن. ئێوارانیش وابزانم ٥ دەقە ئەیان بردین بۆ توالێت. خۆشتن و ڕیش تاشین لە ئینفرادیدا نەبوو! من ٣ هەفتە لەئینفرادیدا بووم؛ هەرچەندە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بوو، بەڵام بەگشتی کەیسی کۆمۆنیستەکان بۆ مدیریەتی ئەمن زۆر ئاڵۆز بوو. ئەمە یەکەم جاریان بوو لەم جۆرە کۆمۆنیستانە دەستگیر بکەن! سەریان لەسیاسەتەکە دەرنەئەچوو!؟ هەروەها هەر چاوەڕێی خەڵکی زیاتر بوون دەستگیریان بکەن. بۆیە لێکۆڵینەوە لەکەیسی کۆمۆنیستەکان بەگشتی زۆر زۆری پێ ئەچوو. شەوێکیان مودیری ئەمن هاتە ژوورەکەمان پرسیاری لێ کردین یەک بەیەک کەلەسەر چی گیراوین؟ وتی هەمووتان بەسزای خۆتان ئەگەن!

جارێکی تر نەقیب ماجید پریساری لەمن کرد پێی وتم ئیشت چییە؟ وتم فیتەرم. وتی ڕۆژی چەند پەیدا ئەکەیت؟ وتم ١٠ دینار. وتی ئەمەت باشترە یان ئەو ١٠ دینارە؟ وتم ئەمە. لەسەر ئەوە زۆری لێدام. جارێکیتر پرسیاری لێکردم؛ پێی وتم تۆ ڕەوتیت؟ مەبەستی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، منیش ئەم ویست بابەتەکە بگۆڕم ئەم وت من ئیشی ڕۆتت ناکەم ،هەر ئیشی گێڕ و مەکینە ئەکەم. ئەو پێی ئەوتم تۆ ڕەوتی کۆمۆنیستیت، منیش ئەم وت من ئیشی مەکینە ئەکەم. لەسەر ئەوە هەڵیواسیم. یەکەم ڕۆژ کەبردیانم بۆ لێکۆڵینەوە نەقیب ماجید دانیشتبوو، مانیڤێستی حیزبی کۆمۆنیستی لەبەردەمدا بوو! کەچوو بۆ ماڵەوە لەوێ هێنابووی، بەتەعلیقێکەوە وتی یا عمال عالم أتحیدو! ئینجا ئەیوت باشە وەرە یەکبگرن بزانم ئەتوانی چی بکەیت؟ ئەیوت دەی ئەوە من دانیشتوم ئێوەش یەکبگرن! زۆر بە موسەیتەری قسەی ئەکرد.

**بۆپێشەوە: چۆن و کەی ئازاد کران؟ دەتوانن بیرەوەریی ناو زیندانمان بۆ بگێرنەوە، خۆش یان ناخۆش؟**

**وەستا کەمال:** بێگومان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێو زیندانیەکاندا هەبوو، پەیوەندییەکی زۆر ئینسانیانە، هەموومان ئەو ڕۆحیەتەمان هەبوو کە یارمەتی یەکتربدەین. بۆ نموونە کاتێ کەسێکیان ئەبرد بۆ ئەشکەنجەدان و هەڵواسین؟ ئەگەر ئەوانیتر یارمەتیان نەدایە و دەستوپشت و قاچیان بۆ نەشێلایە؟ دوورنەبوو دەستوقاچی سەقەت نەبێت. یاخود کاتێ زیندانییەکی تازە ئەگیرا؟ خێرا کۆمەکمان ئەکرد کە خۆڕاگر بێت و ئیعتراف نەکات، و هەوڵ بدات قەزیەکەی لەسەرخۆی قورس نەکات. ئەم جۆرە یارمەتیانە و دەیان جۆریتر کۆمەکێکی باش بوو لەنێوانماندا. و هەمیشەش ئەگەر هەواڵێک لەدەرەوە بهاتایەتە ناو زیندانیەکان هەوڵمان ئەدا بەهەموو زیندانیانی ژوورەکانیتر بڵاوی بکەینەوە. کەواتە پەیوەندییەکی زۆر باش هەبوو لەنێوانماندا بەتایبەت کۆمۆنیستەکان دەست پێشخەری ئەم ئەرکە بوون، بێگومان زیندانی گومان لێکراویش هەبوو لەنێوماندا! هەوڵی قسەو باسی ناو زیندانیەکانی ئەبرد بۆ ئەمنەکان، بەڵام نەیان ئەتوانی ڕێگرییەکی ئەوتۆ بێت. دەورێکی ئەوتۆیان نەبوو، دواتر زۆریان پەشیمان بوونەوە لەو کارەی کە کردویانە. هەرچەندە ئێمە کۆمەڵێک لاوی کۆمۆنیست بووین، لەوانەیە بڵێم تەجرووبەیەکی قوڵمان لەسەر سیاسەت و شیوازی زیندان و ئەشکەنجە نەبوو. بەڵام بەهەموو کەموکوڕیەکانەوە؛ ئەتوانم بڵێم کۆمۆنیستەکان لەزیندانی ئەمنە سوورەکە جەسورترو هاوپەیمان ترین کەس بوون لەگەڵ زیندانیانی تردا. هەمیشە زۆربەی شەوان بە مناقەشە و قسەی خۆش و نوکتە شەومان بەڕێ ئەکرد. بێگومان ناو زیندان وەکو دەرەوە نییە؟ پێویستیەکی ڕۆحی و دەروونی قوڵ هەیە لەنێوان زیندانیەکاندا، ڕاستە هەموویان لەسەر قەزیەی جیاواز گیراون، بەڵام هەموویان یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش چوونەدەرەوەیە لەزیندان. ئەمە کۆمەکی کردبوو بە گیانی هاوڕێیەتی لەنێوانماندا.

بێگومان بارودۆخی زیندان تا بڵێی ناخۆشە و پڕ ئازار بوو، ئەشکەنجەو لێدانی زۆر، تەعزیبی جۆر بەجۆر هەر لەتەعزیبی نەفسی و لێدان و سیاسەتی برسیکردن وزیندانی ئینفرادی و هەموو ئەمانەیان بەکار ئەهێنا. برسێتی زۆری بۆ هەموومان هێنا بوو، ڕۆژانە پارچەیەک سەموونیان ئەداینێ لەگەڵ پەنیرێکی سێ گۆشە یاخود هەندێکجار عەلەفی حەیوانیان ئەکرد بەشۆربا و بۆیان ئەهێناین! جار جارەش چەند دەنک خورمایان بۆ ئەهێناین! هەموومان بەهۆی بێ جل و بەرگییەوە سەرما زۆری بۆ هێنا بووین. نەبوونی ئاوی گەرم و هیچ ڕێ و شوێنێکی تەندروستی تێدا نەبوو! بەدەر لەوەی کەڕۆژانە ئەهاتن بیانوویان...

بۆ لاپەڕە ١٣

# ترەمپیزم خۆی گەیاندە بەرازیل !

## بۆلّسۆنارۆ سەرۆکی تازە هەلّبژێردراوی بەرازیل سەلام لە ئالاّی ئەمەریکا دەکات و دەیەوێت پشوویەکیش بدات لە بانگەشەی تەقلیدی بۆسەربەخۆیی...

نووسینی: ڕۆبەرتۆ سایمن و بڕایان وینتەر
Foreign Affairs Magazine
ئامادەکردنی: شوان عەزیز



سەرەتای پایز بوو، لە خوارووی فلۆریدای ئەمەریکادا، لە ژوورێکدا کە تەنها شوێنی ڕاوەستان بوو، لە چێشخانەیەکدا کە دەوروبەری ٣٠٠ کەسێک تێیدا کۆببونەوە. چاوەڕێی هەلّبژاردنی سەرۆکایەتی بالّی ڕاست بوون. زوربەی شارەزایان پێیان وابوو کە ئەم بالّی ڕاستە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەلّگەیان ئەوەبوو کە زۆر توندڕەوەو کەسێکی وایە کە ئارەزووی دابەشکاری دەکاو هیچ شارەزاییەکیشی لە بەڕێوەبردنی ولاّتدا نییە. ئەو کاندیدەی سەربە بالّی ڕاست ترەمپ نەبوو، بەلّکو جایر بۆلّسۆنارۆ بوو. ئەو کەسە ئەفسەرێکی خانەنشینی نێو سوپای بەرازیل بوو. ماوەیەکی درێژیش بوو کە ئەندامی کۆنگرێس بوو. ئەو پێش ئەوەی ببێتە سەرۆک، لە هەلّبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ دا زۆر توند بوو لەبەرامبەر گەندەلّیداو مەدحی سوپای دیکتاتۆری پێشووشی دەکرد. بەلّێنی بە پۆلیس دەدا کە تەواوی ئاازادیان بداتێ بۆ کوشتن و لەناوبردنی ئەو تاوانبار و کەسانەی کە مامەلّەیان بە مادەی هۆشبەرەوە دەکرد. ئەو شێوە قسەکردن و بەلّێنانە کاکی ڕاسترەوی بە پەیژەی هەلّبژاردندا بەرزکردەوە. زۆرێک لەو کەسانەی کە لەو شوێنەدا کۆببونەوە لە ترسی توندوتیژی و برسیەتی و نەبوونی و بێکاری و بێمافی بەرازیلیان بەجێ هێشتبوو وە لە ئەمەریکادا گیرسابوونەوەو لەوێدا ژیانیان بەسەر دەبرد.. ئەو بەرازیلیانەی کە ئاوارەو پەرتەوازەی فلۆریدا ببون کە ژمارەیان خۆی دەگەیاندە ٣٠٠ هەزار کەسێک، وەک هەر خزم و کەس و کارێکیان لە ناو بەرازیلدا ئەوانیش چاوەڕێ بوون کە کەسێک ببێتە فریادڕەس و دژە سیستەمی ئێستا بێتو کورسی فەرمانڕەوایی بباتەوە.

بۆلّسۆنارۆ دوای ٤٠ خولەکێک لە چاو کاندیدەکانی تری سەرۆکایەتی ولاّتی بەرازیل، وتارێکی پێشکەش بە گەلی بەرازیل کرد کە جیاواز بوو لە وتاری کاندیدەکانی تری سەرۆکایەتی ئەوەندەی کە بە بیردا بێن. لەو وتارەیدا بە شان و بالّی ڕژێمی دیکتاتۆری بەرازیلیدا هەلّداو، بەلّێنی ئەوەشی بە گەلی بەرازیل دا کە بیان پارێزێت لە کۆمۆنیستەکان و چەتەو دزەکان. هەروەها ڕەخنەشی گرت لە دەنگ و باسە ناڕاستەکان و دروست کراو و بێ بنەماکان لە نیشتیمانی بەرازیلدا.

بۆلّسۆنارۆ لە وتارەکەی دا وتی:"ئەوەی کە من لەوێ لە ناو بەرازیلدا دەیلّێم هەمان ئەو شتەیە کە ترەمپ لێرە دەیلّێت".ئەو بە ئەمەریکیەکانی وت " ئەگەر من هەلّبژێردرێم ئەوە ئێوە دلّنیا دەکەم کە ترەمپ باشترین هاوپەیمانی دەبێت لە خوارووی نیوە گۆی زەویدا". هەرکە بۆلّسۆنارۆ ئەمەی وت، ئاپۆرای خەلّکەکە تێکڕا بە دەنگی بەرز دەستیان کرد بە وتاف لێدان: "بژی ئەمەریکا، بژی ئەمەریکا". ئا لەو کاتەدا بوو کە بۆلّسۆنارۆ ڕووی کردە شاشەی تەلەڤزیۆنەکەو بینی ئالاّی ئەمەریکا دەشەکێتەوە. بۆیە یەکسەر دەستی بەرزکردەوەو سەلامێکی دلّسۆزانەو بەسۆزانەی کرد لە ئالاّکەی ئەمەریکا.

یەک سالّ دوای ئەو بانگەشەیە، بۆلّسۆنارۆ شتێکی بەدەست هێنا کە بۆ جارێکیش بە بیری کەس دا نەدەهات. ئەو کورسی سەرۆکایەتی بردەوە لە یەکێک لە گەورەترین ولاّتانی ئەمەریکای لاتیندا. بەرازیل ولاّتێکە کە نوێنەرایەتی لە ٤٠٪ی دانیشتوانی لاتینی ئەمەریکا دەکات و بەرهەمی سالاّنەی تاکیشی تەقریبەن یەکسانە بەو ڕێژەیە.

هەروەها بۆلّسۆنارۆ وەک ئاماژەی پێدا لە وتارەکەیدا لە فلۆریدای ئەمەریکادا، ئەو کارێک دەکات لە سیاسەتی دەرەوەی بەرازیلدا کە وەرچەرخانێکی تەواوجیاواز بێت لە مێژووی ئێستای بەرازیلدا. ئەو جیاوازیەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت لە تەواوی کیشوەری ئەمەریکاو تەنانەت لە جیهانیشدا.

لە نێوان ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ولاّتی فەنزوێللادا !

بۆلّسۆنارۆ نەک هەرنیەتی خۆی بۆ خەلّک ڕۆشن کردەوە کە دەبێتە گەورەترین هاوپەیمانی واشنتۆن، بەلّکو ئەوەشی دەرخست کە ئەو دەیەوێت لە بەرنامەی نێونەتەوەیی خۆیدا زیاترو ڕاستەوخۆ لە بەرنامەی ترەمپەوە وەربگرێت. ئەو پەیمانی دا کە: بێتە دەرەوە لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بالّوێزخانەی بەرازیل لە تەلئەبیبەوە بگوازێتەوە بۆ قودس، زۆر بە جدی بەرەنگاری پێشکەوتنە ئابووریەکانی وەلاّتی چین ببێتەوە، سیاسەتی ڕادیکالاّنەی ڕژێمی فەنزوێللا بە نەزەر وەر بگرێت، هەروەها لە سەرەتاوە پەیمانی ئەوەی بە دەنگدەرانی دا کە لە پەیمانی پاریسی تایبەت بە گۆڕانی کەش و هەوا بێتە دەرەوە، بەلاّم لەو بەلّێنەی پاشگەزبووەوەو گەڕایەوە ناو پەیمانەکە. ئەو لیستە هەر درێژەی دەبێت!.

ئێستا ئەوە هەلّدەگرێت کە هەلّوێستەیەکی بۆ بکەین و بزانین ئاخۆ ئەوەی ئێستای بۆلّسۆنارۆ لەگەلّ هی پێش خۆی چەندە جیاوازیان هەیە. بەرازیل ماوەیەکی زۆر خیتاب و بەرنامەیەکی سەربەخۆی هەبووە لە سیاسەتی دەرەوەیدا. هەتا لە کاتی دیکتاتۆریەتی سوپایشدا کە لە سالّی ١٩٦٤وە بۆ ١٩٨٥خایاندی کە سەرباری ئەوەی پشتگیریەکی باشی واشنتۆنیشی بەخۆیەوە بینی، بەلاّم سلاّوکردن لە ئالاّی ئەمەریکا بۆ سەرۆک خۆکوشتنێکی سیاسی بە دواخۆیدا دەهێنا. هەمان شتیش بۆ ئیدارەی سەرۆک فەڕناندۆ کۆلّۆر دی مێلّۆ کە لە ١٩٩٠وە بۆ ١٩٩٢ خایاندی ڕاست دەردەچوو. هەرچەندە ئەو کات باوەشیان کردبووەوە بۆ سیاسەتی وەک پێی دەگوترا ئیجماعی واشنتۆن بۆ ڕیفۆڕمی قوولّی بازار. هەروەها لەگەلّ ئەوەشدا کە سەرۆک فەڕناندۆهەنریک کاردۆسۆ کە لە ١٩٩٤وە خایاندی بۆ ٢٠٠٢ پەیوەندیەکی گەرمو گوڕی لەگەلّ سەرۆک بیلّ کلینتۆندا هەبوو، بەلاّم هێشتا لە زۆر بابەتدا ڕازی نەدەبوو بە تەواوی بچێتە ژێر باری سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە، بەلّکو پێچەوانەشی دەجوولاّیەوە بە تایبەتی لە سیاسەتی دەرەوەیدا. بۆ نموونە: لە بابەتی دۆزینەوەو داهێنان لە بواری سەیدەلانیدا، یان لە بابەتی هاوکاریە سوپاییەکانی ئەمەریکا بۆ کۆلّۆمبیا، یاخود لە مەسەلەی پەیوەندی لەگەلّ هۆگۆ شاڤێز سەرۆکی پێشووی فەنزوێللادا و ئەلبێرتۆ فوجیمۆڕی سەرۆکی پێشووی پیرۆدا. کاردۆسۆ بەرەنگاری هەولّەکانی ئەمەریکا دەبووەوە لە درووستکردنی ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد لە نیوەگۆی زەویداو لە کۆتاییدا شکەستی بەو هەولّەی ئەمەریکا هێنا. هەر لەم دواییانەدا حکومەتە چەپەکانی سەرۆکەکانی بەرازیل لە نموونەی لویز ئیناسیۆ لولا دە سیلڤا لە ٢٠٠٣وە بۆ ٢٠١٠ هەروەها دیلا ڕۆزێف لە ٢٠١١ وە بۆ ٢٠١٦ بە بەردەوامی خۆیان پەنا دەداو لەگەلّ سیاسەتەکانی ئەمەریکادا نەدەبوون. بۆ نموونە لە مەسەلەی پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێراندا، مەسەلەی دزەپێکردنەکانی(ویکی لیکس)ی ئێدوارد سنۆدن، وە هەروەها لە هەولّەکانی بەرازیل بۆ درووستکردنی زۆرترین سیستەمی فرە جەمسەری جیهانی.

باشە بۆچی بۆلّسۆنارۆ بەوشێلگیریەوە دژایەتی سونەتی باو دەکات؟ شتێکی ڕوونە کە دەنگدەرانی تورەو ماندووی بەرازیلی بە ئەرێیانە هەر شتێک کە بۆنی گۆڕانکاری لێبێت دەبینن، بەلاّم وەلاّمی درووست ڕووی لەو گرفتەیە کە جارێکی تر پێناسەی ئەو میتۆدە دەکاتەوە کە زۆرێک لە خەلّکی بەرازیل، جیهانی تێڕا دەبینن بە تایبەتی لەو سالاّنەی دواییدا. لە لایەکەوە ڤەنزوێللایە کە کەوتۆتە ناو ئابوریەکی بێ سەرەوبەرەو سیستەمێکی ئیستیبدادی و تاوان و هەروەها پڕ لە توندوتیژی و دارمان. بۆلّسۆنارۆ لەگەلّ پشتگیریکەرەکانی زۆر بە وردی ئەو چیرۆکەیان بلاّودەکردەوە کە ئەوە ئەو سەرۆکە تازانە بوون بە تایبەتی لە نموونەی وەک (لولاو ڕۆسێف) کەعەزمیان گرتبوو بەرازیل بە هەمان ڕێگادا بەرن. لەلایەکی تریشەوە ئەمەریکایە ئەو شوێنەی کە لەلایەن بالّی ڕاستی توندڕەوی ناوخۆی بەرازیلەوە ترەمپیان وەک فریاد ڕەس و ڕابەرێکی هەلّکەوتەو بەهێزی ولاّتێکی پێشکەوتوو وێنا کردووە.

لە زەمانی ئێستادا، هەر شتێک کە بۆلّسۆنارۆ لە واشنتۆن نزیکتر بکاتەوە دەبێتە شتێکی سەرنجڕاکێش بۆ جەماوەرەکەی. جا گالّتەجاریەکە لێرەدایە کە هەندێک لە پێشنیارەکانی بۆلّسۆنارۆ ڕاستەوخۆ لە هۆگۆ شاڤێز وەرگیراون. بۆ نموونە زیادکردنی ژمارەی دادوەرانی دادگای بالاّ بە مەبەستی دەستەمۆکردنی دادگا و هەروەها پێدانی ڕۆلّی لەڕادەبەدەر بەهێزە چەکدارەکان لە حکومەتدا. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کاتێک شاڤێز بۆ یەکەم جارسەردانی بەڕازیلی کرد لە سالّی ١٩٩٩دا، بۆلّسۆنارۆی ئەو کات ئەندامی کۆنگرێس بە شاڤێزی وت " هیوای ئەمەریکای لاتین". هەروەها پێی وتی " شاڤێز فەلسەفەکەی خۆی دێنێت بۆ بەرازیل"

تەنها خیتابی بەتالّ نییە

هەندێک لە شیکەرەوە سیاسیەکان وا سیاسەتی دەرەوەی بۆلّسۆنارۆ دەبینن کە تەنها قسەو خیتابی هەلّبژاردنەکان بوو، وە هیچی لێ شین نابێت. وە موجادەلەی ئەوە دەکرێ کە کرداری لە پێشینە بۆ ناوخۆ بریتیە لەو بارە ئابووریەی بەرازیل کە لە سالّی ٢٠١٢ وە گەشەیەکی تەندرووستی بەخۆوە نەبینیوە و هەروەها ئەو حکومەتەی کە بەبەردەوامی و ماوەیەکی درێژە زێدەڕۆیی دەکات لە سەرفکردن وا دەکات کە سەری بۆلّسۆنارۆش بخوات. لە کاتێکدا کە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پیشەیی بۆ دەرەوەی بەرازیل وا لە دیبلۆماسیەتی بەرازیل دەکات کە بگەڕێتەوە دواوەو لە ناوەڕاستدا لەنگەر بگرێت. هەر ئەو شیکەرەوە سیاسیانە دەلّێن کە دواجار دیبلۆماسیەتی بەرازیل ڕێک دەچێتەوە سەرئەو ڕێچکەیەی کە بۆ ماوەی ٣٠ سالّێک دەبێت لەسەری دەڕوات.

بەلاّم لە ڕاستیدا هۆی باشیش هەن کە وا بکەن بۆلّسۆنارۆ بە جیدی و وەکو خۆی ئەو مەسەلەیە وەربگرێت. بۆ نموونە لقی ڕاپەڕاندنی بەڕازیل هەژموونی تەواوی هەیە بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا، بۆیە بۆلّسۆنارۆ دەتوانێت لەو بەشەدا بێئەوەی بکەوێتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوەی یاسا کاری خۆی بکات. وە هەر کە فەرمانڕەوایی بەدەستەوە گرت، پالّپشتێکی بەهێزی بۆدرووست دەبێت بۆئەوەی تەعبیر لە خیتابەکەی خۆی بکات و سیاسەتی دەرەوەش دەبێتە میوەیەکی شۆڕبۆوەی ئاسان بۆ لێکردنەوە بۆ ئیدارەی تازە. بۆ نموونە سەرۆک دەتوانێت تەواوی سەرکەوتنەکانی بگوازێتەوە بۆ قاعیدەکەی ودەتوانێت ئیلتیزاماتە ئایدۆلۆجیەکانی خۆی بهێنێتەوە مەیدان بێ ئەوەی بە فیلتەری کۆنگرێسێکدا تێ بپەڕن کە لێک هەلّوەشاوەو هێواشیش دەبزوێت. لەوەش زیاتر، بۆلّسۆنارۆ دەتوانێت سیاسەتی دەرەوە وەک بەربەست و سەرلێشێواندنێک بەکار بێنێت لەکاتێکدا کە خەریکی بەرەنگاربوونەوەی ئەزمەی ئابووری بەرازیلە لە ڕێگەی سیاسەتێکەوە کە لەوانەیە درووست نەبێت. قەیرانەکە قوولّە. بۆ نموونە: بانکی جیهانی بۆ سالّی ٢٠١٨ گەشەکردنی ڕاگەیاند بە ١،٢٪ و بێکاریش لەسەرووی ١٢٪ وە کەمهێنانی بودجەشی بە دەوروبەری ٨٪ی بەرهەمی ناوخۆی ڕاگەیاند. ئەگەر ئیدارەی تازە جیدی بێت لە بەهێزکردنی باری ئابووری بەڕازیل، یەکەمین هەنگاوی دەبێت ڕیفۆرم بێت لە سیستەمی مووچەی خانەنشینی بەڕازیل. کە ئەوەش زوربەی بەڕازیلیەکان و تەنانەت ئەو خەلّکانەش کە بە قاعیدەی بۆلّسۆنارۆ دەناسرێن لەگەلّ ئەو هەنگاوەدا نابن. کۆبوونەوەیەکی لەگەلّ ترەمپ لە کۆشکی سپی یاخود لە بالّوێزخانەی تازەی بەڕازیل لە ئیسرائیل دەگونجێت پالّپشتیەکی بەهێزی بازنە سەرەکیەکانی هەلّبژاردن بەدەست بێنێت. بۆ نموونە پالّپشتی کەنیسەو گروپە هەرێ ڕاسترەوەکان.

لە دەرەوەی بەڕازیلیش، دەبێت بەلّێنەکانی بۆلّسۆنارۆ بەهەمان شێوەی ناوخۆی بە شێوەیەکی جیدی و وەک خۆی مامەلّەی لەگەلّدا بکرێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی جیهانیش. گۆڕانی کەش و هەوا نموونەیە لەو شتانە. بەڕازیل یەکێکە لە حەوت ولاّتە گەورەکەی جیهان لە بەرهەمهێنانی گازی گەرمدا. هەروەها بەڕازیل بە فرەلایەنە هەر لە سەرەتای ١٩٩٠وە لە سەنگەری پێشەوەدا بووە لە بەرەنگاربوونەوەی گەرمبونی گۆی زەوی و پاراستنی بیئە لەناو پڕۆتۆکۆلّی کیۆتۆو پەیمانی پاریس. بەلاّم بۆلّسۆنارۆ وەک ترەمپ بە گەرم بوونی گۆی زەوی نەگوت ئەوە فێلّێکی چینە !.بەلاّم ئەو شتێکی تری گوت بە دیوێکی تردا . ئەو وتی: "پەیمانی پاریس و تەواوی ئەو ڕێوشوێنانەی کە گیراونەتە بەر بۆ پاراستنی خەلّکە ڕەسەنەکەی ناوچەکە، پیلانێکی ژێربەژێرە بۆ ئەوەی ئەمازۆن بخەنە ژێر هەژمونی جیهانیەوە". بۆیە لە دیدی (بۆلّسۆنارۆ)وە لە ناوبردنی پەیمان و دژایەتیکردنی هەر هەولّێکی فرەجەمسەری بۆ بەرەنگاری لە گۆڕینی کەش و هەوا پەیوەندیدارە بە مەسەلەی سەربەخۆییەوە.

وە ئەگەر لە هەندێک شوێنیشدا بۆلّسۆنارۆ جیاوازی هەبێت لەگەلّ ترەمپ دا، وەک لە سیاسەتی بازرگانیدا دەبینرێت، هێشتا چەندین هۆی باشی تر هەیە کە باوەڕ بهێنین کە لە کۆتاییدا عەقلّیەت و مێنتالّەتی ترەمپ و ترەمپیزم بلاّودەبێتەوەو تەشەنە دەکات.

تیمی سەربەسیاسەتی بۆلّسۆنارۆ وتوویەتی کە بە تەمان هەردوک وەزارەتی بیئەو کشتوکالّ تێکەلّ بکەن و بیکەن بە یەک وەزارەت، هیچی تریش یارمەتی دارایی لایەنەکانی پاراستنی بیئە نەدەن، هەروەها چەکێکی بەتالّی پارەش بدەن بەو کەسانەی کە کشتوکالّ بەرهەم دەهێنن بۆ ئەوەی ئەو دارستانانە لەناوبەرن کە لەناو زەویەکانیاندایە. ئەوەش کارەساتێکی حەتمی بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە بریتی دەبێت لە نەمانی جەنگەلّ و دارستان و ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبونی گازی زیانبەخش لە چەند سالّی داهاتوودا.

وەک کاندیدێک بۆلّسۆنارۆ بە بەردەوامی هێرشی دەکردە سەر پلانی ستراتیجی بازرگانی بەڕازیل لەژێر سایەی پارتی کرێکارانی لولا وە ڕۆزێف و دەیگوت کە ئەم پلانە زیاتر حماسی و ئایدیۆلۆجی و ئەنتی غەرییە. ئا لێرەوە بوو کە بۆلّسۆنارۆ خۆی وەک لایەنگرێکی بازرگانی وا وێنا کرد کە یەکسان بێت لەگەلّ دیدگای ڕاوێژکارە سەرەکیەکەی خۆی ئابووری ناس پۆلّۆ گوێدیس کە...

دەرچووی زانکۆی شیکاگۆیە.

ئەو داوای زیاتری کرد لە جۆری پەیمانی بازرگانی ئازاد، لە کاتێکیشدا بەڵێنی دەدا کە ڕێز لە یاساکانی یەکیەتی گومرگی خوارووی ئەمەریکا بگرێت و کاری جیدی بکات بۆ کەم کردنەوەی گرفت و ڕێگریەکانی بەردەم بازرگانی.

بەڵام غەریزە نەتەوەییەکانی بۆڵسۆنارۆ بە ڕوونی دەردەکەون، لە کاتی سەردانیدا بۆ ناوچەی بەرهەمهێنانی مۆز لە کۆتایی ساڵی٢٠١٧دا یەکسەر دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لەپەیمانی تازەی ئاسانکاری بازرگانی لەگەڵ ئیکوادۆر کە بەهۆی ئەو پەیمانەوە بەرهەمی هێنانە ناوەوەی مۆز زیادی کردبوو. هەر بۆیە بەڵێنی دا هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک دەبێت شتێک بکات بۆ ڕاگرتنی پێشبڕکێی هەرزان. بۆڵسۆنارۆ پرسیاری کردو وتی: " لە کوێتان بینیوە ئەو ناوچەیەی کە کانگای بەرهەم هێنانی مۆزە کەچی خۆی مۆز بکڕێت و بەدوای مۆزدا بگەڕێت".؟

هەروەها بۆڵسۆنارۆ بە بەردەوامی هێرشی کردۆتە سەر چین کە هاوبەشێکی گەورەی بەڕازیلە لە بواری بازرگانیداو هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی وڵاتانی گەشەکردووە لە بواری ئابووریدا کە بە چینی گوت " چین لە بەرازیل ناکرێت، بەڵکو چین بەرازیل دەکرێت" هەروەها دوای ئەوەی کە بۆڵسۆنارۆ لە مانگی ئازاردا سەردانی تایوانی کرد، باڵوێزخانەی چین لە بەراسیلیا تۆمەتی دایە پاڵ بۆڵسۆنارۆ بە پێشێلکردنی یەک یاسای چینی کە بەڕازیل لە ساڵی ١٩٧٠وە دەیکات. بەرازیل شارەزایانی بواری کانەکان دەنێرێت بۆ چین لە ناویاندا شارەزایانی کۆمپانیای گەورەی ڤەیل، ئەمەش وای کردووە کە بۆڵسۆنارۆ ئاوازی ڕەخنەگرتنی لە بەرامبەر چین نزم کاتەوە.

هەروەها بۆڵسۆنارۆ لەوانەیە کۆتای بهێنێ، یا بە پلەیەکی زۆر کەمی بکاتەوە، هاوبەشیکردنی وڵاتەکەی لە ئەنجومەنی بریک (ئەنجومەنی وڵاتانی ڕوسیا، هیندوستان، بەڕازیل و چین). هەروەها لەگەڵ ئەو وڵاتانەش کە دەیانەوێت دژایەتی کوێخایەتی ئەمەریکا بکەن لە سیستەمی جیهانیدا. لەکاتێکدا ڕێی تێدەچێت کە بۆڵسۆنارۆ بچێتە پاڵ کۆڵۆمبیا وەک وڵاتی دووەمی ئەمەریکای لاتین بۆ ناو ڕێکخراوی حیلفی باکوری ئەتڵەسی کە بە ناتۆ دەناسرێت..

پاڵپشت و ڕاگیرەکانی فەنزوێلا

پاڵپشتی بۆ دەرکەوتنی وڵاتێکی خاوەن بازاڕ لە وێنەی بەڕازیل لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان وگروپی وڵاتانی٢٠ (جی ٢٠)و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی(دەبلیو تی ئۆ) و هەروەها لەناو چەندین مونتەدای جیهانی تر، دەبێتە نیعمەتێکی گەورەو گرنگ بۆ سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپ دەربارەی کەش و هەوا، بیئە، مافەکانی مرۆڤ، و بازرگانی. جا ئەوکاتە بۆڵسۆنارۆ جێگاو ڕێگای ئەمەریکای بۆ دەردەکەوێت کە لەلایەن زوربەی وڵاتانەوە دانی پێدانانرێت. بەڵام بەهەرحال، وڵاتانی خوارووی ئەمەریکا بە تایبەتی فەنزوێلا لە هەموویان زیاتر ڕێی تێدەچێت کە سیاسەتی دەرەوەی بەڕازیل وەک بومەلەرزە ڕایبچڵەکێنێت. کاتێک کە پارتی کرێکارانی فەنزوێلا لە دەسەڵاتدا بوو، بەڕازیل دۆستێکی نزیکی هوگۆ شاڤێزو نیکۆلاس مادورۆ بوو، بەڵام دوای دانە دادگای ڕۆسێڤ لە ٢٠١٦دا ئەو پەیوەندیەی جاران لە نێوانی ئەو دوو وڵاتەدا نەماو زیاتر بەرەو دوژمنایەتی ڕووی تێکرد بە تایبەتی دوای ئەوەی کە مایکڵ تەمر دەسەڵاتی پێڕە توندڕەوەکەی بەدەستەوە گرت.

ئێستا پەنابەرەکانی فەنزوێلا بەلێشاو ڕوودەکەنە بەرازیل. تا ئێستا لە مانگی یەکی ئەم ساڵەوە ٣٧ هەزار پەنابەر لە ڕێگەی سنووری باکورەوە هاتوونەتە ناو بەڕازیلەوە وە داوای پەناهیندەییان پێشکەش بە حکومەتی بەڕازیل کردووە.. بەمەش قەیرانەکانی ناو فەنزوێلا دەبرێتە ناو بەرازیلەوەو کاری نێگەتیفانە دەکاتە سەر سیاسەتی ناوخۆی بەرازیل و هەروەها گرنگیش دەبێت بۆ ڕەئی و دیدگای گشتی.

لە ژێرڕێبازی ڕەقی مایکڵ تەمردا بەڕازیل ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دروستکردنی هاوپەیمانیەکی نا فەرمی کە بە گروپی لیمە ناسرابوو لەنێو وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا. هەموو ئەوەش لە پێناوی دووبارە بنیاتنانەوەی دیموکراسی بوو لە وڵاتی فەنزوێلا. ئەو وڵاتە هەوڵی تەواوی دا بۆ پەراوێزخستنی ڕژێمی مەدورۆ.

لە هەمان کاتدا بەڕازیل ڕازی نەبوو کە پشتگیری هیچ کام لە ئابلۆقەی ئەمەریکاو ئەوروپیەکانیش بکات لە دژی فەنزوێلا و دەسەڵاتی فەنزوێللیەکان. بەڕازیل پابەند بوو بەو پرینسیبانە کە چەندین دەیە بوو لای نەدەدا لێیان کە ئەویش ئەوە بوو کە پێی وابوو تەنها ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئەوجۆرە سزایانە بسەپێنێت بەسەر وڵات و دەوڵەتێکدا. بۆ نموونە کاتێک ترەمپ بە ئاشکرا نیەتی ئەوەبوو کە هێزی سوپایی لە دژی مەدورۆ بەکاربێنێت وکودەتای سەربازی ئەنجام بدات لە کاڕاکاس، بەڕازیل بە ئاشکرایی نیشانیدا کە ئەوان قەت پشتگیری کاری لەو شێوەیە لە دژی فەنزوێللاو دەسەڵاتەکەی ناکەن.

بەڵام لەژێر دەسەڵاتی بۆڵسۆنارۆدا وشەی "قەت" زۆرگەورەیە. شتێک کە کاندیدە توندڕەوە ڕاستڕەوەکان بە دڵیانە ئەوەیە کە ئابڵوقە بسەپێنرێت بەسەر فەنزوێلاداو ئەوانیش بە درێژایی سنوور کامپی پەنابەری بۆ فەنزوێللیەکان لە دیوی ناوەوەی بەڕازیل درووست بکەن. بە ئاشکرا لە وتەیەکیدا کە قسەی بۆ دەنگدەرەکانی دەکرد لە ویلایەتی ڕۆڕایمادا، کە زوربەی پەنابەرە فەنزوێللیەکانی تێدا دەژین، بۆڵسۆنارۆ وتی" دەتوانن پشتم پێببەستن کە من هەموو شتێک دەکەم لە پێناوی ئەوەی کە ئەو حکومەتە لەناوبەرم". هەر بۆیەش لە ئۆکتۆبەری ٧ دا لە یەکەم هەنگاوی دەنگداندا لە پایەختی ویلایەتی ڕۆڕایمادا بۆڵسۆنارۆ ٧٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناو پارتی کرێکارانیش تەنها ١٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

ئەوەش دەری دەخا کە گریمانەی پشتگیری بەڕازیلیەکان یاخود تەنانەت بەشداری لە هێرشی هێزی سوپایی لە دژی فەنزوێلا شتێکە کە ناتوانرێت هەر بیریشی لێبکرێتەوە. بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی بۆڵسۆنارۆدا ئەم کارە شتێکە کە لەسەر مێز بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

سیاسەتی سەرۆکی تازەی بەرازیلیەکان لەوەدەچێت لە کورت مەودادا واشنتۆن خۆشحاڵ بکات. بەڵام کارێکی باش دەبێت کە پرسیار بکرێت و بڵێین ئایە کاریگەری ئەوهەڵوێستەی بۆڵسۆنارۆ لە درێژ مەودادا بۆ ئەمەریکاو بەرازیل چی دەبێت؟

وتەکانی ڕابردووی بۆڵسۆنارۆ لەگەڵ پێشنیارو سیاسەتەکانی ئێستای ئەوە دەردەخەن کە سەرۆکایەتیەکەی ئەو دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر بنەماو دامەزراوەکانی دیموکڕاسی و سەروەری یاساو دادی کۆمەڵایەتی و هەروەها لەبەرامبەر باشترکردن و بەرەوپێشبرنی ئاساییش لەبەرازیلدا.٣٠ ساڵی ڕابردوو بۆ زوربەی ئەمەریکای لاتین دەورەیەکی گەشەکردن و بەرەو پێشچوون بووە، ئەوەش بەشی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو بەهایانە. سەلام کردنی بەسۆزانە و دڵسۆزانە لە ئاڵای ئەمەریکا بە بەرچاوی ئاپۆڕای جەماوەرەوە ناتوانێت تەعویزی ئەو خەتەرە بداتەوە کە بۆڵسۆنارۆ خودی خۆی درووستی دەکات و بەجێی دەهێڵێت.

**٢٨ ئۆکتۆبەری ٢٠١٨**

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ موزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "**

**ئەمریکا چی لە ئێران دەوێت؟... ..دەخوێننەوە**



لە ڕۆژەکانی هەفتەی ڕابردودا دەوڵەتی ئەمریکا لە زاری ترامپ و سەرانی فاشی تریانەوە هەنگاو و پاکێجی دوەمی سزای ئابلۆقە ئابورییەکەیان بۆ سەر ڕژێمی ئیسلامی ئێران ڕاگەیاند. لەم هەنگاو پاکێجەدا گوایە دەیانەوێت ئابلۆقەکەیان زیاتر لە بواری ئابوری و سەربازیدا چڕکەنەوە. وەک ڕایان گەیاندوە بە نیازن بە تەواوی ڕێگا بگرن لە فرۆشتنی نەوتو غازو زۆر بەرهەمی تر. هەروەها بە نیازن ڕێگا بگرن لە هاوردن و هەناردەکردنی پێداویستییە سەربازی و چەک و تەقەمەنیەکان و هەر پێویستییەکی تری بواری پەرەپیدانی پیشەسازی چەکی کیمیایی و ناوکی لە ئێران.

دیارە ئەم بڕیارو هەنگاوەی ئەمریکاش وێرای ئەوەی بۆتە یەکێک لە گەورەترین هەواڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاند هاوکات بۆتە بابەتێکی گەرمی پرس و ڕای گشتی و فەرمی لە ئاستی جیهاندا. وە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە ،چ بە لایەنگر چ بە دژ، ڕاو هەڵویست لەبارەیەوە دەدرێت. بەڵام پرسیارێکی سەرەکی و تەوەرەی کە دێتە پیشەوە بەرامبەر ئەم کێشەو ململانییەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تیرۆریستییە، کە چەند ساڵە لە سیاسەتی سزادانی ئابلۆقەی ئابوری ئەمریکا بۆسەر ئێران چەقی بەستوە ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا چی لە ئێران دەویت؟

هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە بەلای هەر دەوڵەت و ڕژێم و ڕەوت و لایەنێکی سیاسی لە ئاستی جیهان و ناوچەکەو ناوخۆیی ئێران جیاوازە. هەریەک بە پێی دورو نزیکی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ئەو دوو ڕژێمە ڕاو بۆچوون و هەڵویستیان وەرگرتوە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بە هەموو دەوڵەت و ڕژێم و ڕەوتە بۆروژوا لیبرال و قەومی و ئیسلامییەکان و تەنانەت ڕەوتگەلێکی بەڕواڵەت چەپ هەموویان لە ڕوانگەو گۆشە نیگای چینایەتی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداریەوە بۆ سەرجەم کیشەو ململانێ و ئابلۆقە ئابوریەکەو ئاکامەکانی دەڕوانن. ئەوانەی بە هەر پلەیەک دژی ڕژیمی ئیسلامین و لە پاڵ ئەمریکان وا پڕوپاگەندە دەکەن کە گوایە ئەمریکا دەیەوێت ئەم ڕژێمە تیرۆریستی یە لەناو بەرێت، و لە جێگای ڕژێمێکی دیموکراسی دامەزرێنێت لە چەشنی ڕژێمە تایەفی و قەومییە لۆمپنەکانی عێراق. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە زۆرێک، بە تایبەتی ڕەوتە بۆرژوا ڕەنگاوڕەنگە نەیارەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، پشتیوانی بێ دریغی سەرجەم سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن. بەشێکیش لە دەوڵەت و ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ڕوانگەی بەژەوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی، بە تایبەتی شیعەگەراکان، کەم تا زۆر دژی سیاسەتەکانی ئەمریکان. هەندێک ڕژێمیش ڕاو هەڵوێستی دوو ڕوویان هەیە لە چەشنی تاقمە لۆمپنە دەسەڵاتدارەکانی عێراق ولەم نێوەدا سەرگەردان بوونە.

بەڵام لە ڕوانگەی بەرژەوەندیە چینایەتییەکانی خەڵکی کرێکارو توێژە ستەمدیدەکان و بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازییەوە لە بنەڕەتەوە ئەم کێشەو ململانییە تا دەگاتە سزادانی ئابلۆقەی ئابوری و هەڕەشەی شەڕ، دورو نزیک پەیوەست نییە بە ماف و ئازادییەکانی خەڵکەوەو لە قازانجیان نییە. بە پێچەوانەوە خەڵک بونەتە قوربانی سەرەکی.

لە ڕاستیدا ئەوەی دەوڵەتی تیرۆریستی ئەمریکا لە دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی ئێرانی دەوێت تەنها ئەوەیە ئەگەر نەبێتە دۆست و هاوکارێکی جدی ئەمریکا، وەک دەسەڵاتی ئیسلامی سعودی ،ئەوە نابیت ڕێگریش بکا لەبەردەم بەدیهێنانی ستراتیژی سیاسی و ئابوری و سەربازی ئەمریکادا بەرامبەر زلهێزە تازە هەڵچوەکانی جیهان لەوانە ڕوسیاو چین و یابان و...هتد.

ئەوە دیارە کە ئەمریکا هیچ کات ناوەڕۆکی کارنامەی سیاسی و تیرۆریستی ئەم رژێمەی ئێرانی بەرامبەر جەماوەری ناوخۆ و ناوچەکەو جیهان بۆ مەبەست نەبووە .هەر لە تیرۆریزمەکەیەوە تا دەگاتە سەرکوتی سیاسی و بێمافی و هەژاری و نەداری و نەبوونی سەرەتاییترین ماف و ئازادی لە ئێراندا هیچیان پرسێکی گرینگ نەبوونە بۆ ئەمریکا.

ئەگەر چی ئەمریکا بانگەشەی وا دەکات، بەڵام کاتێک سەرنجی دۆستایەتی ئەمریکاو سعودیە بدرێت ئەوکات هەمو ئەو بانگەشانە بە درۆ دەخرێنەوە.

هەروەک وتمان ئامانجی ئەمریکا لەهەموو ئەم کێشەو ململانێ و سزای ئابلۆقەی ئابوری و هەڕەشەی شەڕ ئەوەیە کە ڕژێمی ئیسلامی ئەگەر نەبێت بە دۆستێکی وەک سعودیە ئەوە نابێت ببیت بە ڕیگر لەبەردەم سیاسەتەکانی ئەمریکا. خۆ ئەگەر هەر ڕێگری بکات ئەوکات نەک هەر سزای ئابوری، بەڵکو ئەگەر هەیە جەنگیش بەرپا بکات بۆ ڕوخانی بەهاوکاری دەستەو تاقمە لۆمپەنەکانییەوە. بێگومان ئەو شەڕەش بە کوشتارو ئاوارەیی و کاولکاری و ماڵوێرانکردنی دەیان ملیۆن کەس تەواو دەبێت هەروەک شەری ئەمریکا لە سۆماڵ و ئەفغانستان و عیراق و سوریا و لیبیاو یەمەن و... هتد. ئەو کاتەش لە جێی ڕژێمی ئیسلامی دەستەوتاقمە لۆمپنەکان بەناوی دەوڵەت و حکومەتی دیموکراسی یەوە دێنێتە سەر کار.

دیارە ئەم سیاسەتانەی ئەمریکا لە کاتێکدایە کە ڕژێمی ئیسلامی لەسەر بورکانی ڕق و نارەزایەتی ڕادیکاڵانەی جەماوەری ئازادیخوازو یەکسانیخواز ڕاوەستاوە. خۆپیشاندانەکان و مانگرتنە سەربەخۆ دەیان ملیونەکانی ئەم چەند ساڵە بەڵگەی ئەوەن کە بێ دەخاڵەتی ئەمریکا ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی لە توانای جەماوەرو بەرەی چەپ و ئازادیخوازیدایە.

بەڵام بێگومانە کە ئەمریکاو هەموو دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان نەک هەر پشتیوانی ئەم جۆرە جوڵانەوە نارەزایەتییە ڕادیکاڵانە ناکەن، بەڵکو هەموو هەولێک دەدەن لاوازی کەن و بەلاڕییدا بەرن. لەم بارەیەوە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و زلهێزە ئیمپریالیەکانی تری جیهان ئەزمونیان لە ڕاپەرینی بەهمەنی ساڵی ١٩٧٩ و، هەم لە ڕاپەرینەکانی تونس و میسر...هتد وەرگرتوە.

جا کە لەم گۆشە نیگایەوە سەرنج لەم کێشەو ململانێیانە، کە ئێستا لە ئابلۆقەی ئابوریدا چڕ بۆتەوە، بدرێت ئەوە وەڵامی پرسیارەکە هەر ئەو ڕاوبۆچونەی ئێمە دروست دەبیت لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخوازەوە. ئەوەش دەستەمۆکردنی ئێرانە تا نەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئامانجەکانی لە ڕویی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە لە ناوچەکەدا.

بێگومان نەک هەر بڕیاری ئابلۆقە ئابوریەکەی ئەمریکا بە قازانجی جەماوەرو بەرەی ئازادیخواز نییە، بەڵکو هیچ سیاسەتێکی ئەمریکا لە قازانجی جەماوەردا نییە.

بۆیە نابێت هیچ کەسێکی ستەملێکراو ئازادیخواز و یەکسانیخواز و ژێردەستەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران خۆشخەیال بێت بە بانگەشەکانی ئەمریکا و ئەو لایەنانەش کە پێیان وایە فشارەکانی ئەمریکا دەبێتە دەرفەتیک بۆ لاوازکردنی ڕژێمی ئیسلامی یاخود ڕوخانی بە قازانجی جەماوەری ستەمدیدە...

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی ساڵیادی هاوڕێ گوڵزار حەمە...

کرێکاری و ئەو کەسانەی کە پێویست بووە کۆمەک و سەرپەنایان هەبێت لە ڕۆژگارە سەختەکانی ساڵانی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٠ . لە پاش هێرش و پەلامارداني حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. بە ناچاری لەگەڵ هیوا و تۆلازی کوڕیدا کوردستان جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە تورکیا. بەسروشتی ئەو ژیانە نالەبار و پڕزەحمەتەی هاوڕێ گوڵزار، دووبارە ژیانێکی سەخت و نەبوونی و قورسی ڕۆژانە دەبێتە نسیبی هاوڕێ گوڵزار و پاش نزیک بە ٧ ساڵ لە ژیانێکی پڕ دڵەڕاوکێ و کاری قورس و تاقەتپڕوکێن، بە کۆمەکی هاوڕێیانی حیزبی و هاوڕێیانی تر دەتوانن ژیانیان بگوێزنەوە کەنەدا.

لە ١٢/٣ /٢٠٠٧ هاوڕێ گولزار لەگەڵ هیوا و تۆلازدا دەگەنە شاری تۆرنتۆی کەنەدا، پاش ماوەیەکی کەم سەرباری دەستپێکردنی ژیانێکی تاڕادەیەک هێمن و دوور لە کێشە و گیروگرفتی جۆراوجۆر کە ڕۆژانە هاتۆتە سەر ڕێگای ژیان هاوڕێ گوڵزار، بەڵام ئەم شانسەشی درێژە ناکێشێت و بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بە ئینسان، دووبارە شان دەداتەوە... بەر کارکردن. هەر لە بڵاوکردنەوەی فلایەر و کارکردن لە چێشتخانە و پاشان لە کۆمپانیای هاڵ مارک کلینەر، بۆماوەی چوار ساڵ کاری کردووە و ئەندامی یەکێتیە کرێکاریەکانی ئەو ڕشتەیە بووە کە کاری تێدا کردووە.

هاوڕێ گوڵزار، سەرباری ژیانی سەختی کارکرنی لە کەنەدا، بەڵام دووبارە وەک ئەندامی چالاکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و عێراق، پەیوەست دەبێتەوە بە هاوڕێیانی حیزبی و هەڵسوڕاوانی تۆرنتۆ بۆ کارو چالاکی. لە سەرجەم مەراسیم و ئاکسۆنە ناڕەزایەتیاکانی شاری تۆرنتۆ و شانبەشانی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عیراق و ئێران ئامادەیی بەردەوام و لێبڕاوانەی دەبێت.لەگەڵ یەکێتی کرێکارانی ڕشتەکەی خۆیدا پەیوەست دەبێت بە ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ داخوازی زیادکردنی کرێ. هاوڕێ گوڵزار، لە دواهەمین چالاکی حیزبیدا لە ١٨ی ئۆمتۆبەری٢٠١٧ئامادە دەبێت لە بەردەم سەفارەتی عێراقی بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین، لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری حەشدی وەحشی و دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دڕندەی بەغدا بۆ سەر کەرکوک و دوزخورماتوو، پاش ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر.

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە، لە شەوی١٠/١١/٢٠١٧ ئەم هاوڕێیەمان لەپاش سەردانی و میوانداری بۆلای هاوڕێیانێکی خۆی لە شاری تۆرنتۆ، لەکاتی ماڵئاوایی کردنیان لەگەڵ هیوای هاوسەریدا، بە کارەساتێکی دڵتەزێن و ڕوداوی لێدانی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دەدات.

**هاوڕێ گوڵزار، بەجێی هێشتین. بەڵام هیوا و ئامانجەکانی بەزیندووی ماونەتەوە**

**بەرز و بەڕێز بێت ڕێبازەکەی هاوڕێ گوڵزار**

## درێژەی.... دیمانە لەگەڵ وەستا کەمال

ئەگرت و لێیان ئەدایین بەزلە و شەق. خۆشتن زۆر کەم بوو! ئەبوایە بەئاوی سارد خۆمان بشۆین، جێگەی خەوتن زۆر پیس و ناتەندروست بوو، ڕۆژانە ئەسپێ لێی دابوین. جارێکیان مانگرتنێکی گشتیمان ڕاگەیاند لەسەرئەوەی کە ئەبێت خواردنی زیادمان بۆ بهێنن؛ و جۆری خواردنەکانمان بۆ باش بکەن، سەرەتا کۆمۆنیستەکان بەدەست پێشخەری و خۆڕاگری تەواوی خەڵکانیتر. زیندانیەکانمان ناگادار کرد کە ئەبێ پشتگیری ئەم مانگرتنە بکەن، بۆ ئەوەی بارودۆخی برسێتیمان تۆزێک باشتر بێت؟ بێگومان خەڵکی ئینتهازی و دووڕو ماستا و چییان تێدا بوو، نەیان ئەویست مانگرتنەکە ڕاگەیەندرێت. بەڵام ئێمە هەر سوور بووین لەسەر ڕاگەیاندنی. ئەمنەکان هاتنە ژورەوە و هەڕەشەیان لێکردین. بەڵام ئێمە پاشگەز نەبوینەوە! ئەمنەکان ئەیان وت شەڕی کوەیتە خەڵک شەڕ ئەکات ئێوەش موجریم و تاوانبارن، ئەیان وت ئەوەی ئەیدەین بەئێوە بۆ سەربازێکی بنێرین لەڕیزەکانی شەڕ زۆر پیرۆزترە. بەڵام لەکۆتاییدا تا ڕادەیەک بۆ ماوەیەک خواردنی باشیان بۆ ئەهێناین. ئەوە دەستکەوتێکی گەورە بوو کەلەزینداندا بەدەستمان هێنا.

**بۆپێشەوە: دیارە ئەو کاتە ئەندامانی لایەنەکانی تریش لە زینداندا هەبوون، دەتوانیت ئاماژە بەوانیش بکەیت؟**

**وەستا کەمال:** من خۆم وابزانم یەکەم کەس بووم لەناو ڕەوتی کۆمۆنیستدا کەدەستگیرکرام، شەش مانگ و دوو ڕۆژ لەزیندانی ئەمنە سوورەکە بووم! زیندانیەکان جۆراو بەجۆر بوون؛ لەسەر قەزیەی تایبەت گیرابوون، زۆربەی زیندانیەکان سیاسی بوون، زۆرترینیان کۆمۆنیستەکان بوون. ئێمەش لەگروپ و ڕێکخراوی جیاجیا پێک هاتبووین. وەکو (ڕەوتی کۆمۆنیست، دەستەی پێشڕەوانی پڕۆلیتاریا، ڕێکخراوێکی تریش بوو ئێستا ناوەکەیم بیر چۆتەوە). هەروەها خەڵکی یەکێتی نیشتمانیش گیرا بوون. ئیسلامییان تێدا بوو، حیزبی شیوعی و حسک. هەروەها خەڵکی بێلایەن و قاچاخچی و تەجاوز حدودیش هەبوون لەزینداندا. بەڵی بەردەوام خەڵکی تازە ئەگیرا. ئەو کاتەی ئێمە گیراین، گروپێکی ٣٢ کەسی یەکێتی نیشتمانی لەوێ بوون. بەڵام زۆر نەمانەوە بردیانن بۆ ئەبوغرێب و نیوەیان ئیعدام کران. جەماعەتی جەباری موهەندیس و مامۆستا ئەحمەدی صناعە و فەریدون دارتاش ....هتد. هەروەها خەڵکی قاچاخچی و خەڵکی تەجاوز حدودو کە لەئەرزی موحەڕەمە گیرابوون. چەند کەسێکی ئیسلامیشمان لا گیرا بوو نیوەیان دەستیان هەبوو لە کوشتنی فایەقی مۆتە. دانەیەکیان دووەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکە ئەمنەکان ڕەمیان کرد ناوی (محمد مەحمود) بوو خەڵکی قەلادزێ بوو. وابزانم کۆی زیندانیەکان لەئەمنە سورەکە ١٥٠ کەسێک ئەبون.

**بۆپێشەوە: ئێوە دوای ئەو هەموو ساڵە، لە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەبینن، چی دەڵێن؟**

**وەستا کەمال:** دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی؛ دەسەڵاتێکی دواکەوتوو، خێڵەکی، کوردستانیان وەکو ئۆردوگا لێکردوە. ئێستا کوردستان لەسایەی ناسیونالیزمی کوردیدا وەکو خانوویەکی بێ دەرگا و پەنجەرە وایە! هەموو جۆرە موخابەراتێکی دنیا خۆی پیا ئەکات! لەباری سیاسیەوە کوردستان زۆر نائارامە، وڵاتێکی سەرگەردان و خەڵکەکەی پەیتا پەیتا کۆچ ئەکات. ئامادەیە ڕۆژانە ببن بەخۆراکی ماسی دەریاکان، بەڵام لەژێر سایەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا نەژی. سیاسەتی برسیکردن، نەبوونی هیچ جۆرە خزمەت گوزارییەک! نەبوونی هیچ جۆرە ڕەقابەیەک بەسەر کەلوپەلەکاندا لەکاتی هاوردەکردنیان! بارودۆخ بەشوێنێک گەیشتووە چیتر خەڵک تەحەمولی ناکات! لەگەڵ ئەوەشدا پەیتا پەیتا ڕۆژانە ناڕەزایەتی خەڵک ئەبینین دژی ئەو دەسەڵاتە مافیایە؛ بۆیە بەنەزەری من، هیچ جۆرە چاکسازیەک لەیەکێتی و پارتی چاوەڕوان ناکرێت؛ بۆهەر ئاڵوگۆڕێک لەکوردستاندا بەستراوە بەنەمانی یەکێتی و پارتی. وە دانانی دەسەڵاتی جەماوەری خەڵک واتە شوراکان. ئەمەش بەبێ خەباتی کۆمۆنیستەکان من پێم وایە مەحاڵە. زۆربەداخەوە لەماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا کۆمۆنیزم نەیتوانیوە شکڵ بگرێت و ببێتە هێزێکی بەرچاو کە خەڵک ئومێدی پێ بکات. خەڵک لەکۆمۆنیستەکان باشتر یەکێتی و پارتی ئەناسێت، لەئێمە زیاتر بێزارو ناڕازین، بەڵام نەبوونی وشیاری چینایەتی ونەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن. خەڵک بەرەو هەڵدێردا ئەبات. بیهێنەوە بەرچاوی خۆتان لەساڵی ١٩٩١ سەردەمی شوراکان هەر لەو شاری سلیمانیەدا هەزاران ڕابەری بزووتنەوەی شورایی هەبوو! هەمووشی خەڵکی ئاسایی و هاوڵاتی بوون،لە گەڕەکەکان و دایرەکان. بەڵام ئێستا چیان لێهات؟ ئەکرێت ڕۆژێک ئەو هەموو خەڵکە ئازادیخوازە بێتەوە مەیدان. بۆیە هیوادارم ئەو ڕۆژە بێتەدی کە لینین ئەڵێت" ڕۆژ هەیە ١٠ ساڵی لەورگدایە".

لێرەدا کۆتایی پێ دێنم...

## درێژەی دوا وتە..

هەڕەشەیەکی هەمیشەیی و. هۆکارێکی نائارامی سیاسیەتی، لەوەش واوەتر ئەلگو دەسەڵاتداریێتی پەیەدە لەبەشێکی زۆری سوریادا کە خاڵی تەماسە لەگەڵ کوردستانی تورکیا، هاوخەتی سیاسیان زۆر نزیک لە پەکەکەیە... خەونی دەوڵەتی تورکیاش لە سوریادا، کە سەرەتا ڕوخانی ڕژیمی ئەسەد بوو، وەدی نەهات و بەداگیرکردنی عەفرینیش هێشتا دەسەڵاتی پەیەدە، ئەمری واقیعە و دەرهاویشتەی ئاڵۆزی و دۆخی سوریای بەهاری عەرەبی!! ساڵی ٢٠١١ یە،... هەموو ئەمانە لەگەڵ ئاڵۆزی و دۆخی ئەزمەگرتووی دەسەڵاتی ئاک پارتی و ئۆردوغان و بەرین بوونەوەی ناڕەزایەتی سیاسی و جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی تاک ڕەوانە و بەدژی ئاراستەی ئیسلامیزەکردنی تورکیادا... دۆسیەی بەدەستەوەگرتنی پەکەکە لەگەڵ ئەمریکا دەخاتە ناو مامەڵە و سەودایەکی تایبەتەوە...

بۆ ئەمریکا لەدەست نەدانی تورکیاو لغاوگرتنی تا چیتر بەرەو بەرەی روسیای نەیاری نەچێت، هەوڵێکە بۆ مانەوەی و ڕاگرتنی پێگە داروخاو لەرزۆکەکەی لە ناوچەکەدا، بۆیە لەو مامەڵەیەدا پەکەکە و سەرکردەکانی دەبنە مایەی سات و.... سەودا و لەو چوارچێوەیەشدا ئەمریکا سەرکردەکانی پەکەکە دەخاتە لیستی تیرۆر و خەڵات بۆ دۆزینەوەو ناساندنی شوێنیان، تەرخان دەکات، تا لەو ڕێگایەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیادا بازسازی بکاتەوە.

دیارە تەماحی تورکیا، لەوە واوەترە لە ئەمریکاو دەیەوێت پەیەدە و سەرکردەکانی، وەکو پەکەکە سەرکردەکانی تەماشابکات و بیان خاتە لیستی تیرۆرەوە تا لەو ڕێگایەوە هەم بتوانێت پشتیوانی جارجار و نا سەقامگیر و لەرزۆکی!! ئەمریکا لە پەیەدە ببرێت و هەمیش دەستی ئاوەڵا بێت، بۆ هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەری لەو بەشەی سوریا کە لەژێر هەژموونی و قەڵەمرەویی پەیەدەدایە.

ئەو پلان و مامەڵەیەی دەوڵەتی تورکیاو ئەمریکا، وەکو دوو دەوڵەتی پێگە لاواز لە دۆخی سوریا و تەنانەت ناوچەکەدا، یەکێک لە سەرچاوەی بە تیرۆریست ناساندنی سەرکردەکانی پەکەکەن. بێدەنگی وڵاتانی ئەوروپاش لەو مامەڵەیەو خەت و نیشاندانە دڵخوازانە بەرژەوندی خوازانەیەی ئەمریکاو تورکیاش، هێندەی لە ژێرەو نیشانەی نیگەرانی بێت، زیاتر لەوەو بە ئاشکرا مل دانەواندن و تەئیدکردنی ئەو تیرۆریزمە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەی ئەمریکایە.

لەو نێوەدا، جاریکی تر درۆی سەرانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد دەردەکەوێت، کە ئەمریکاو غەرب بە دۆستی کورد دەناسێنن و ڕەوایەتی دەبەخشن بۆ خۆشخزمەتیان بە سیاسەت و نەخشەکانیان. ئەم هەنگاوەی ئەمریکاو بێدەنگیەی ئەوروپا، نیشانی دایەوە ئەمریکاو غەرب لە هیچ کاتێکدا ئامادەنین بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورری و پاوانخوازیەکەیان، بکەنە قوربانی پشتیوانی لە هیچ بزوتنەوەو خواستێکی ڕەواو ئینسانی یان چارەسەری کێشەیەکی عادلانەی ئینسانی.

هەروەها ناونانی حزب و ڕیکخراوە سیاسیەکان و سەرکردەکانیان بە تیرۆریست، بەو هۆیەوە کە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا نین یان نەیاری هاوپەیمانەکانی ئەمریکان... ترساندن و هەڕەشە کردنە لە هەر حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و سەرکردەکانیان کە دژی ئەمریکا یان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بێت... یان لەفەلەکی سیاسەت پاراستنی و بەرژەوەندیەکانیان نەبێت.

هەر حزب و لایەن و ڕیکخراوەیەکی سیاسی یان ئینسانی و جەماوەری و ئازادیخواز و مەدەنی، ئەگەر ئیدانەو هاوکات دژی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا نەبێت و نەکات، بەدانانی رابەرانی پەکەکە لە لیستی تیرۆر و خەڵات بەخشین بۆ دۆزینەوەیان، بەواتانی چوونە پشتی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەتی و پشتیوانییە لە تیرۆر و رفاندنی نەیاران و هەڵسوڕاوانی سیاسی...

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ڕۆژ عەزیز، ئاراس رەشید، عەبدولا مەحمود، شوان عەزیز، هەتاو عەبدوڵاهی، موزەفەر عەبدوڵا، عبدالرحمن رەسوڵ، مستەفا باهیر
بۆ پەیوەندی راستەوخۆ بەسەرنووسەرەوە:
0046737403392

# قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی و گۆشەیەک لە ئاماری نۆ مانگی ڕابردووی توندوتیژی دژی ژنان...



* بەرواری ٩/١١/٢٠١٨ لە گەرەکی سەکەوتنی شاری کەلار ژنێکی تەمەن ٣١ ساڵە، بەناوی"ا،ا" بەمەبەستی خۆ کوژی ئاگر بەردەداتە جەستەی خۆی و خۆی دەسوتێنێت... ئەو ژنە بەڕێژەیەکی زۆر سوتاوە بۆیە رەوانەی خەستەخانەی فیاکەوتنی سلێمانی کراوە... دەوترێت پەڕاو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوەو هاوسەرەکەشی بەبڕیاری دادوەر دەستگیر کراوە...

* بەرواری ٧/١١/٢٠١٨ ژنێکی تەمەم ١٨ ساڵ لەسنوری ناوچەی چۆمان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەرفێنرێت و پاش چەند کاتژمێرێک بە بێ هۆشی لە ناوچەی باڵەکایەتی دۆزراوەتەوە... دەوترێت پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە...

* بەرواری ١١/١١/٢٠١٨ ژنیکی تەمەن ١٩ ساڵ لە سەکەپکانی سەر بە ئیدارەی راپەرین، دەستی بۆخۆکوژی بردووە، بۆ ئەو مەبەستە لەماڵی باوکی بە پەت خۆی خنکاندوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە... دەوترێت پەراوی لێکۆڵینەوە!!، بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە...

هاوکات لەچەند رۆژی رابردوودا ئامارێکی توندوتیژی دژ بە ژنانی هەرێمی کوردستان، کە هی نۆ مانگی رابردووە بڵاوکراوەتەوە، کە لە خوارەوە دامان ناوە... دیارە ئەو ئامارە تەنها تۆماری ئەو توندوتیژیانەی تیادا تۆمارکراوە، کە دەستی دەزگا پەیوەندیدارەکانی کەوتووە، لە کاتێکدا ناتوانرێت ئەم ئامارو تۆمارە، وەکو داتایەکی تەواو تەماشابکرێت... چونکە ئاماری توندوتیژییە خێزانیەکان، کە لەدودیو دیوار و پەردەی ماڵەکان دژی ژنان ئەنجام دەدرێت، زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بەهۆکاری جۆراوجۆر بێدەنگەیان لێدەکرێت یان رێگەی لێدەگیریت لەوەی دەنگ و هاواری ئەم ژنانە ببیسترێت و بگاتە دەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان، یەکیکیش لەو هۆکارانەی کە رێگرە لەوەی هاوار و ئاه و ناڵەی ئەو ژنانە ببیسترێت، ئەوەیە کە بەکردەوە دام و دەزگاکانی هەرێم و بەتایبەتیش یاسا، نەک لێپێچینەوەی پێویست ناکات، بەڵکو خودی یاساکان لە بەرژەوەندی ژنان نین و رەگەی پیاوسالاری و ناموسپەرستی لەناو خودی زوربەی یاساکانی باری کەسێتیدا، ماونەتەوە... ژنان لە ژێر سایەی دەسەڵات و یاسای سەرچاوەگرتوو لە شەریعەت" قورعان و حەدیس" دا، دەنگ و هاواری راستەقینەی نابەرابەری و توندوتیژی جۆراوجۆر، لە دژیان نابیسترێت و بەهەند وەرناگیرێت... ئەگەر یاساو رێسای مۆدێرن و لێپرسینەوەی یاسایی ببێت، ئەو کاتە ژنان دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و ترسی تۆڵەو توندوتیژی دواتر و شکۆ شکاندنیان، نابێت... بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و تێکۆشەرانی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان لەگەڵ پیاوان... ئەرکیانە تێبکۆشن بۆ گۆڕێنی سەرجەم یاساکانی باری کەسێتی، بە یاسای سەردەمی و ئینسانی... و ناچارکردنی دەسەڵات بە لێپرسینەوەی یاسایی لە تۆمەتبارانی توندوتیژی و تیرۆری ژنان... ئەمەی خوارەوە تەنها گۆشەیەکە لە ئامارێکی فراوانتری توندوتیژی دژ بە ژنانی کوردستان...

ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان
کۆی (٩) مانگی ساڵی (2018)

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | 11 | 15 | 41 | 30 | 2620 | 27 |
| دهۆک | 10 | 15 | 25 | 22 | 1861 | 33 |
| سلێمانی | 11 | 13 | 28 | 18 | 1362 | 0 |
| گەرمیان | 2 | 3 | 4 | 6 | 744 | 10 |
| ڕاپەرین | 1 | 5 | 9 | 9 | 386 | 12 |
| سۆران | 2 | 3 | 6 | 5 | 219 | 5 |
| کۆی گشتی | 37 | 54 | 113 | 90 | 7192 | 87 |

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو**
**بەرواری 28-11-2018**

## دوا وتە

# ڕابەری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و لیستی تیرۆریستان...

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

وەزارەتی مالی دەولەت ئەمریکا، ٦/١١/٢٠١٨ بری ١٢ ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد، بۆ کەسانێک کە شوێن و جێگەی سێ کەس لە سەرکردەکانی پەکەکە ئاشکرا بکەن..

ئەو بریارەی دەولەتی ئەمریکا، بۆ ئەو سێ سەرکردەیە و ناساندنیان وەکو سێ تیرۆریستی ناو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، نە تازەیەو نە جێگای سەرسوڕمان.

دەولەتی ئەمریکا کە مێژوویەکە سەرکردایەتی تیرۆریزمی نێودەولەتی دەکات و لەهەر زەمان و سەردەمێکدا، هەر لایەن و حزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی تا دەگاتە کەسایەتییە بەرجەستەکانی حزب و ڕێکخراوەکان، ئەگەر بەشێک نەبووبن لە پشت و پەنا یان هەڵسوڕاو لەچوارچیوەی سیاسەتی ئەمریکادا، خراونەتە لیستی تیرۆرەوە دۆسیەی تیرۆریست بوونیان بۆ کراوەتەوە. هەروەها هەر حزب و ڕێکخراوێک لە دژی سیاسەت و نەخشە یان بەرووی هەنگاوەکانی ئەمریکادا وەستابێتەوە، دوبارە مەلەفی تیرۆریستی بۆ ئامادەکراوە. لەوانەش واوەتر هەر حزب و ڕێکخراو گروپ تا دەگاتە کەسایەتیەکیش ئەگەر کەوتبێتە بەرامبەرکێ لەگەڵ دەولەتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەهەر گۆشەیەکی دنیادا، دوبارە لەلیستی تیرۆردا دانراون. تەنانەت لە مامەڵەی راگرتنی دۆست و دۆزینەوەی هاوپەیمانیەتیدا، تا دەگاتە ڕاگرتنی باڵانس لەنێوان خۆی و نەیارەکانی لە ئاستی دنیادا، دوبارە دۆسیەی بە تیرۆریست ناساندن و لەبەین بردنیان، پەروەندەیەکی حاشالێنەکراوە..

نیلسۆن ماندیلای رەمزی وەستانەوە بەرووی ئاپارتایدی نەژادیدا لە ئەفریقیا، تا ناوەراستی ساڵانی هەفتاکان، لە لیستی تیرۆریستانی ئەمریکادا بوو، چونکە نەیاری سیاسەتی ئەمریکا بوو... هەر ئەو ئەمریکایە کە ماندیلای لە لیستی تیرۆیستاندا دانابوو، دوای سەرکەوتنی ماندیلا لە دژایەتیکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزی لە ئەفریقادا، ئەمجارە ماندێلا خەڵاتی ئاشتی نێودەوڵەتی پێ بەخشرا...

ئەم دوو ڕوویەی ئەمریکاو ئەم خەت و نیشان دانە لە حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و ڕێبەرانیان، و ناو لێنانیان بە تیرۆرسیت، هەر کاتێک لەگەڵ بەرژەوەندەکانی ئەمریکاو یان هاوپەیمانە هاوپیشەکانیان، نەهاتنەوە، پوچی و بەرهەمی شکست و ناکامی ئەمریکاو هاوپەیمانیەکانیەتی، لە کایەکی ململانێی سیاسی و پاوانخوازی و دیبلۆماسیدا...

ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەتایبەتیش لە عێراق و سوریادا، توشی ناکامی شکستی ئابڕوبەرانەبووە، لەبەرامبەر بە رەقیبەکانیدا، لەوانەش روسیا... دەولەتی تورکیاش لەگەڵ ئەوەدا ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی مێژووی ئەمریکایە، لە جەنگی کەنداوەوە تا ئێستا لە فەلەکی سیاسەتی ئەمریکا دورکەوتۆتەوە یان ملکەچی سیاسەتەکانی نەبووەو لەبەرامبەردا، تا رادەیەکی زۆر لە روسیای نەیاری ئەمریکا نزیک بۆتەوە. ئەمە خاڵ و لایەنێکی سەرەکی دووبارە چاوخشاندنەوەی ئەمریکایە بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیاو پێگەی داروخاوی لە ناوچەکەدا...

لەڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە پەکەکە...

بۆ لاپەڕە 13